# لـه جەنگی هاواری سەر و ماڵدا ڕووناکبیرانی ئێمە لە کوێنە!؟



کەریم دانشیار

## هاواری سەر و ماڵ

باوکێکی ڕەنجبەری هەژار، ماڵباتێکی یازدە کەسی لە ڕێی (کەوڵ) فرۆشتن بەڕێ دەبرد. باوک بە دێهات دا دەگەڕا و لە قەدەر پارەی گیرفانی کەوڵێکی دەکڕی و هەر خود بۆخۆی کەوڵەکەی لە ئاوی چەم دا دەشورد و دوای شوردن، بە هەزاران کوێرەوەری، چەرمی(خۆش دەکرد) و دەیفرۆشت.

دوای چەندێک، کوڕە گەورەی کابرای کەوڵفرۆش وای لێهات لە شوردنی کەوڵ دا بتوانێت یاریکاریی باوکی بێت و هومێدی ئەوەی لێ بکرێت کە ئاڵوگۆڕێک بەسەر ژیانی هەژارانەی بنەماڵەکە دابێنێت. بەو هۆمێدەوە، باوکەکە هەموو ڕۆژانی چەرم شوردن و بەر لە خۆ تەڕ کردن، دە کوڕەکەی دەخوڕی و هاواری لێدەکرد کە نەکا هەڵە بکات و چەرم بە خوڕێنکی ئاو دا بدات و کەوڵەکەیان ئاو ببیات.

ڕۆژێک لە ڕۆژان لاوی تازەکاری لەخۆبایی سەرگەرمی شوردنی چەرمی پیرە گایەک بوو، بەڵام لە ئاکامی هەڵەکاریدا کەوڵەکەی خستە بەر شەپۆلان و کەوڵەکەیان ئاو بردی. کوڕە گەنجەکە گیانی هاتە سەر لیوان، بەڵام باوک زۆر بە نەرمی پێی گوت: ڕۆڵە کوڕم! هاواری سەروماڵم لە ترسی ئیمڕۆکە بوو. تازە کەوڵ ئاو بردی و ئەوەی کە هیوای ژیانی گەشی لێدەکرا، بە ئاو دا چوو؛ ئیتر ئێمە و هەژاری... ئێمە و خاکەساری... دەبێ هەر هەژار بین و هەر ڕەنجەڕۆ !

### ڕوناکبیری و ڕوناکبیر

وشەی (Intellectualism= ڕوناکبیری) بەواتای جیاکردنەوەی چەند دیاردەی هاوچەشنە لە یەکتر. وشەی (Intellectual= ڕوناکبیر) خسڵەتی کەسانێکی ژیری بیرمەندە کە دیاردەکانی جیهان بە چاوێکی ڕەخنە گرانەوە سەیر دەکەن و بەتێڕوانینێکی زانایانەی بوێرانە، ڕەسەن لە چەوت جیا دەکەنەوە. لەم تێڕوانین و نرخاندنەدا، ئامرازی کاری ڕوناکبیر، زانست و زانستکارییە. لە کار و کردەوەش دا دژ بە هەر چەشنە زەینییەتێکی پەڕپوت و بۆچوونێکی پووچەڵی خەیاڵاوییە.

## کاری ڕوناکبیری و ناوی ڕوناکبیر لە مێژوو دا

ڕەنسانس (Rensans) ، واتە گیانی تازە وەبەرهاتنەوەی، پێناسەناوێکە بۆ شۆڕشی مەزنی زانست و کولتوریی کە لە ئاخری سەدەکانی ناوەڕاست دا دەستی پێکرد. شۆڕشی ڕەنسانس، گەنجینە کۆنەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمەی، بێ جیاوازی، خستە بەر ڕوناکایی زانست و، کۆنە ماڵی قەدیمەی مرۆڤی هەڵوەژارد. لە یەکەم هەنگاو دا بەربینگی کۆمەڵگای (ئایین گەزتەی) ئەوروپا گرت و دژ بە کۆنەپەرستانی کڵێسەنشین ڕاوەستا. لەو ڕێبازە پڕ مەترسییەش دا، باری گرانی خەباتی چاکسازی لەسەر شانی فەیلەسووفان، هۆنەرکارانی شێوەکاری، شاعیران، نووسەران و ئەستێرەناسان بوو. لە یەکەمین چەخماغەی یەکەمی شۆڕشی ڕەنسانس دا، ژیانی مرۆڤی کەوتە بەر ڕوناکایی و کۆمەڵناسی جلکی زانستییانەی ڕاستینی خۆی کردە بەر. لە سای ئەم دەسکەوتە زەنگینەدا، چواردیواری تەنگی هزر و بیری مرۆڤی زانا لە بەر یەک کشایەوە و ئاسۆی زانستەکەی هەتا ئەوپەڕی جیهانی بێ سنوور واڵا بۆوە. بەم تەرتیبە، لە سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست دا، ڕوناکبیر کاری خۆی دەست پێکرد و کاری ڕوناکبیری لە بەردوامی خۆیدا مایەوە، بەڵام وشەی (ڕوناکبیر) لە باری مێژووییەوە لە ساڵی ١٨٩٤ دا کەوتە ناو قامووسی وشەی مرۆڤ و، مرۆڤی ڕوناکبیر بەو پێناسەیە ناسرا.

ساڵی ١٨٩٤، ئەفسرێکی جوولەکەی فەڕەنسەوی بە ناوی(دریفوس) ، بە تاوانی سیخوڕی و خەیانەت بە نیشتمان، سزا و حوکمی بەندی هەتا هەتایی بۆ برایەوە. بەڵام دوای پێنج ساڵ زیندانی کێشانی، دەرکەوت کە ناوبراو بێ تاوانە. نووسەری ناوداری فەڕەنسی (ئەمیل زۆلا)، ئەم کەیسەی گرتە دەست و نامیلکەیەکی لە ژێری سەردێری: (بە تاوانبارتان دەزانم)ی لە سەر نووسی. ئەمیل زۆلا دەزگای دادوەری و سیستەمی ئەرتەشی فەڕەنسەی کێشایە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ناوبراو بەهۆی ئەو ڕۆشنگەری و هەڵوێستەوە، بە فەرمانی دەزگای دادی فەڕەنسە دەست بەسەر کرا. دوای دەست بەسەرکرانی ئەو، کۆمەڵێک لە زانایان، هونەرمەندان و نووسەرانی فەڕەنسی، کە ژمارەیان لە سێسەت کەس هەورازتر نەبوو، بۆی ڕابوون و ژێری نامەیەکیان ئیمزا کرد کە تێیدا مەحکەمە کردنی دریفوس و زیندانی کردنەکەیان بەپێچەوانەی یاسای مرۆڤایەتی ناو برد. ئەم هەڵوێستە لە ناو کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی فەڕەنسەدا بە جۆریک دەنگی دایەوە، کە پاشەکشەی ئەرتەش و دەزگای دادوەریی فەرەنسەی لێکەوتەوە. ئەم نامەیە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤ دا بە (بەیاننامەی ڕوناکبیران) ناوبانگی دەرکرد.

## چەمکی ڕوناکبیری و سەردەمی نوێ

ڕوناکبیری بە مانای خۆی، چەمکێکی نوێیە و هاوکات دەگەڵ مێژووی سەردەم لە دایک زاوە. لە ڕاستیدا، ڕوناکبیری و سەردەمی نوی لفەدوانەیەکن و پێکەوە و لە یەک زەماندا نێوکیان بردراوە. بەپێی زەمانی لەدایکبوون و بەگوێرەی ئەرکی پێ سپێردراوی، ڕوناکبیر ڕێچکەیەک دەگرێتە بەر کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی دەگەڵی هەیە. سادە و ساکارتر بڵێین، ڕوناکبیر ڕۆڵەی سەردەمی مۆدێرنە و

کار و کردەوە و خەباتەکەی دەبێ مۆدێرنیتە بێت. هەر بەم پێیەش، لە یەکەم بەربەیانی لە دایکبوونیدا، زانست دەگەڵ مێتافیزیک، ئازادیخوازی دەگەڵ کۆیلەتی، بەرامبەریخوازی دەگەڵ ژێردەستەیی و دەسندەخۆری مالاوایی یەکجارەکییان کرد و عیلمانییەت پشت پێی لە حوکمی قەزا دا. ڕوناکبیری ڕاستەکی، بناغەی جیهانی نوێ لە سەر (ئازادیخوازی) ، ( بەرامبەری) و (سکولاریزم) پایەڕێژی دەکات.

## ئەرک(وەزیفە)ی ڕوناکبیر چییە؟

ئەرکی سەرشانی روناکبیر، ڕۆشنگەری و ڕوونکردنەوەیە. لە بواری ڕۆشەنگەریش دا پشت بە واقعییەتی ئاشکرا دەبەستێت و سەنەدییەتی مێژوویی بەلاوە دەنێت. بۆ نمونە، ئەو(پیرۆزییانە)ی کە جاران پیرۆز بوون و ئێستاکە لە پیرۆزی کەوتوون، وەک باوەڕی مردوو سەیریان دەکات: "حیزب و ڕێبازە سیاسییەکان، ئایدیۆلۆژی و مەدرەسە فکرییەکان، باوەڕە ئایینییەکان، تاریخ نووسی و شێوەکاری و شێوازە ئەدەبیەکان و گەلێک کەلەپورو ڕەوش و عاداتی کۆمەڵگاکان دەکەونە بەر دیدی توندو تیژی ڕوناکبیر. لەم نرخاندنانە دا، دیاردەی لەبرەو کەوتووی کەڵک نەماو ئاشکرا دەکرێن و لەجێی ئەواندا بیچمی نوێتر کە هاوشانی زانست دێنەوە، پێشنیار دەکرێن. بۆ وێنە، ئەگەر جاران (ئۆمانیسم)ی ڤیکتۆرهۆگۆی، دەرد و کوڵی تاکێکی کۆمەڵگەی لە(ژان والژەن)ی قارەمانی کتێبی(بەلەنگازان)دا دەخستە بەر چرا، ڕۆناکبیری سەردەمی نوێ بنەڕەت و هۆکارەکانی دەردو ژانی بەرەی مرۆڤ و شێوەی دەرمانکردنەکەیی دەخاتە ڕوو. ئەگەر تیۆریی کمونیستی لە سەردەمێک دا وەک ڕوخێنەری قەڵای ستەمگەری دەهاتە هەژماردن، دوای ڕوخانی قەڵای(مۆسکۆ) و ئاشکرابوونی ئەودیوی دیواری پۆڵایین، دەرکەوت کە تیۆریی ناوبراو تەنیا لە تویی کتێبەکاندا دەتوانێ جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگی خەیاڵاتی پێشەکەشی خوێنەر بکات، بەتایبەت لەو چەند وڵاتانەی وا کە ئێمڕۆکە بەناوی کمونیست شانیان خستۆتە ژێر ئالای کرێکاری، هەر ئەوەندە دەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران شەریک و برابەشن، کە زۆر جاران لێمان تێک دەچێت ئایا کمونیست ئیسلامی هێناوە، یان کۆماری ئیسلامی ڕێگای ڕاستی گۆڕیوە و بۆلای چەپ بایداوەتەوە و بووەتە (چەپی)!

## کورد و ڕوناکبیری

کورد میللەتێکی خاوەن زمان، خاوەن سەرزەمین و خاوەن مێژووە. لێ بەلێ دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بەرژەوەندیی داهاتووی وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕ لەوە دا خۆی دیتبۆوە کە خاک و خەڵکی وڵاتان بە چەشنێک بە سەر ئەم و ئەوێکدا دابەش بکات، کە خەڵکی ئەو وڵاتانە قەت ڕەنگی ئاسایش و ڕووی ئارامی نەبینن و بەردەوام لە شەڕ و کێشەدا بمێننەوە. زلهێزەکان ئەمە باش دەزانن، هەر شوێنێک کە لانە و مەکۆی شەڕ و ئاژاوە بێت، کولتوری(تووڕەیی) تێیدا گەرا داوێژێت و هەتا کولتوری تووڕەیی و شەڕ و ناحەزکاریش هەبێت، زۆردار و خوێنمژەکان هەر خۆیان حاکم و سەردارن. ئەتۆ سەیرێکی وڵاتانی فلستین، سورییە، عێراق، تورکییە و ئێران بکە و پێکهاتەی دمۆگرافییەکەیان ببینە؛ ئەودەم بۆت دەردەکەوێت کە دابەشکردن و پێکەوە لکاندنی دەیان کێشەی چارەسەر نەکراو لە

چواردیوارێکدا، چیهای زیان بەخەڵکی مەڵبەندو چەندەهای قازانج بە(چەکسازانی) بەرژەوەندپەرست گەیاندوە. ئەگەر عێراقی(عەرەبی ـ ئیسلامی) بخەینە بەر چرا، سێ نەتەوەی (عەرەب، کورد، تورکمەن) لە ژێر سێبەری ئاڵا و یاسایەکی(پان عەرەبیست)ی دا دەبینین. لەباری ئایینیشیەوە، بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی عێراق باوەڕمەندانی ئایینزای شیعەن: (عەرەبی شیعە، تورکمەنی شیعە، کوردی شیعە). کەمایەسیی سوونە لە عێراقدا بریتین لە: (عەرەبی سوونە، کوردی سوونە ، تورکمەنی سوونە). هەروەها لایەنگر و باوەڕمەندانی ئایینی مەسیحییەت لە عێراقدا ئەمانەن:(ئایینزاکانی ئاسۆڕی، سریانی، کلدانی). ئەگەر بەوردی سەیری دین و ئایینەکانی تر بکەین، ئایینی ئێزەدی، کاکەیی، ئەهلی هەق و جولەکەشی تێدا دەبینین. بەکورتی، عێراق وەک موزاییکێکی ئینسانی لێهاتووە کە هەموویانیان بە زۆرەملی لە چواردیوارێکدا لە قالب دراون. سەرجەمی ئەو نەتەوە و ئایین و ئایینزایانەش لە لایەکەوە پێکەوە کێشەیان هەیە و لە بەرێکی تریشەوە هەر هەموویان و بەتێکڕایی دەگەڵ حکومەتی بەغدا دژبەرن.

گەلی کورد بە سەر ئێران و عێراق و تورکییە و سوورییەدا دابەش کراوە و لەو چوار وڵاتانەدا بە کەمە نەتەوە ناسراوە. بەڵام ئەگەر بە دیدێکی بێلایەنی زانستی جوگرافیایەوە سەیری هەڵکەوتەی باری تۆپۆگرافیایی خاکی کوردستان بکەین، لە یەکەم دیتن دا بۆمان دەردەکەوێت کە هەم لەباری تۆپۆگرافیایی و هەمیش لەباری جوگرافیای سروشتییەوە، وڵاتی کوردان تەواوکەرێکی تەواو تەواوی بانوو(فەلات)ی ئێرانە. هەروەها زانستی زمانەوانیش ئەمەی سەلماندووە کە زمانی کوردان هیچ چەشنە خزمایەتییەکی دەگەڵ زمانی عەرەب و تورکاندا نییە و، لەباری ڕەچەڵەک و ئەتنیکیشەوە گەلی کورد نە(مۆغۆلە) و نە (سامی)ڕەگەز. مێژووی شارستانییەتی کۆنیش دەست لە ملان دەدات کە کوردەکان لە دانانی یەکەمین بەردی بناغەی شارستانیەتی کۆن دا، دەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی ئێرانی خەباتیان کردووە و بە خاکەی ئێسقان و ئارەقی تەوێڵی خۆیان شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان پەیڕێژی کردووە. هەربۆیە، خزمی نزیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، لە پلەی یەکەم، نەتەوەکانی ئێرانین. ئەم ڕاستییانە ڕێگای ئەم بیرەش ئاواڵە دەکەنەوە کە لقی هەرە مەزنی درەختی کۆمەڵگای کۆن و نوێی ئێران، گەلی کوردە. گەلی کورد لە هەر ڕوویەکەوە لە میللەتانی ئێرانی نزیکترە و هەر بۆیەش ئەگەر بە هەڵە لێم تێ نەگەن و تاوانی پان ئێرانیستیم لە مل نەخەن، پێم وایە ئەم بیرە دەتوانێت ڕێچارەیەکی باش بێت بۆ ئەهوەن کردنەوەی بەشێک لە کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، ئەگەر پەرەی پێبدرێت. لە ئاکامیشدا کورتکردنەوەی دەستی تاڵانکەرانی خوێنمژ لە مەڵبەندەکە دا مەیسەر دەبێت. بە باوەڕیئەمنووسراوەیە، بێتوو گەڵاڵەی ئەم بیرە بکەوێتە بەر دیدی ڕوناکبیرانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و، پلان و پلاتفۆرمێکی تۆکمە و پتەوی بۆ داڕێژرێت، ڕەنگە بێ کەڵک نەبێت.

خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بۆ نەهێشتنی پاکتاوی ڕەگەزی، ئەگەرچی هەموو دەم و کاتێک دەگەڵ پەیامی دۆستانی بووە و هاواری پێکەوە ژیانێکی برایانەیشی دەگەڵدا بووە، بەڵام وەڵامی تاران ـ ئەنکەرە ـ بەغدا ـ دەمشق، جگە لە هێرش و کاولکاری، هیچ ڕەنگ و رواڵەت و سۆزو ئاوازێکی تری پێوە نەبووە. شیاوی ئاماژەیە لە ڕاپەڕینەکانی کوردی دا هیچ فریشتەی نەجاتێکیش بە هانای کوردەوە نەهاتووە، پێچەوانەکەیشی، ماشێنی کاولکاریی وڵاتانی خاوەن چەک و سەرمایە، لە چەپ و ڕاستەوە هاتوون و دوای تەفر و تونا کردن و کاولکاریمان، دەستخۆشانەی باشی خۆیان ستاندوە و ڕۆیشتوون.
بەپێی پرەنسیپ، شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن ئەگەرچی چرایەکی هومێدی پڕ لە دڵنیایی بوویایە، بەڵام بەداخەوە زۆر زوو دەرکەوت کە فانۆسێکە و لە شەوی سارد و سڕی ئەنگوستەچاوی زستاندا، تەنیا بە نیازی شەوارەکردن دادەگیرسێت و پەلەوەری بەستەزمانی پێ یەخسیر دەکرێت. هەرکە شۆڕشی ئۆکتۆبەریش سەقامی گیر کرد، کولتورێکی فرە ژەهراویی پێشکەشی میللەتی سەردەستی هەر ئەو وڵاتانە کرد کەوا لە لایەن کۆلۆنیالیستەکانەوە حکومەتی نەتەوەی سەردەستیان بۆ ساز کرابوو.

کولتوری ناوبراو، ئەودەم و هێستایش، وەک ئەستوندەک و قایمگیر، خێوەتی ئەو حیزبانەی لە سەر پێیان ڕاگرتووە کە لە سەر ئەساسی(سانترالیزمی دیموکراتیک)ی ستالینی دامەزراون. ئەو کۆلتورە هەر ئەوەندە توند دوو ئاتەشەیە، کە بە گورجی فەلسەفە و ڕامان و بۆچوونی ڕوناکبیری حیزبی دەفەوتێنێت. ڕوناکبیری کورد بە هۆی چەشنی دابەشبوونی وڵاتەکەی و لە ئاکامی کارکردی حیزبی مۆدێل ستالینی دا، خاوەنی ئەو کەسایەتییە نییە کە دەبوایە هەیبایە. لە حیزبی مۆدێل ستالینیدا، پێڕەو و پرۆگرامی حیزبی لە توێی خەرمانەیەکی پیرۆز دا ڕاگیراوە و سەرانی حیزب وەک ماری سەر خەزێنەی خەرمانەی پیرۆز، وریا و هەستیار و بەئاگان. ئەندام و لایەنگرانیش گوێ ڕایەڵانە بەند بەندی ئاییننامەی حیزبی بەڕێوە دەبەن. تییاندا، هەر چەشنە ڕادەربڕینێک کە بە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆ بێت، بڤەیە و نابێ. هەربۆیە، ڕوناکبیری حیزبی ناچارە بە فەلسەفەی سەر و گوێ براوی ئۆرگانێکی نەقوستانکراو هەڵسوکەوت بکات، کە هەڵسوکەوتەکان بە چەشنی ڕەوتی(داشی دامە)ن؛ نە گەڕان و پێشوەچوون بەدەستی خۆیانە و نە تێداچوون و بەفیڕۆ چوون بە ئاگای ئەوانە. ڕوناکبیرانی زمان بەستەی حیزبی ستالینی، وێنە و نمونەیەکن لە مۆدێلی(مانکورت)کراوەکان.

## مانکورت چییە؟

لە ڕۆژگارانی پێشین، لە دەشتایی و(ستێپ)کانی سیبریای ڕوسیا دا، چەند هۆزی بیابان نشینی شەڕکەری کۆچەری تێدا ژیاون کە جگە لە تەق و ڕەو و تاڵانکاری، ڕێیان بەهیچ چەشنە ژیانێکی تردا نەبردبوو. لەبەشی بیابانی هەرە وشک و قاقڕی مەڵبەندی(قەرە ئۆزوک)دا هۆزێک ژیاون کە بە هۆزی(یوان یوان) ناسرابوون. هۆزی ناوبراو هۆزێکی مەزنی تووڕەی شەڕانی بوون، کە گوزەرانەکەیان لە سەر پشتی ئەسپ و وشتر، بە ڕاو و ڕووت و تاڵان و کوشتن تێپەڕ دەبوو. یوانەکان لە هەر شەڕ و تاڵانێکدا پیر و پاتاڵیان دەگوژتن و گەنجەکانیان بە دیل دەگرتن. دوای شەڕیش، یەخسیرە مردەلۆخە و کزۆڵەکانیان دەفرۆشتن، بەڵام کوڕە گەنجە خۆش قامەت و بە شان و باهۆکانیان بەمەبەستی(مانکورت)کردن ڕادەگرتن. بۆ بەڕێوەبردنی پرۆگرامی مانکورت کردن، لە یەکەم ڕۆژ دا سەر و پرچی دیلەکانیان ورد ورد، بە گوێزان دەتاشی. دوای تاشینی قژی سەریان، کڵاوێکی تەنگی پڕ بە کاژەڵەی سەریان لە چەرمی ملی بەچکە وشتری تازە کوژراوەوە بۆ ساز دەکردن و بە زۆرەملی سەری تاشراویان تێدەبەزاندن. هاوکات دەگەڵ چەرمکردنی سەریان، دەست و پەلیان بە کۆت و زەنجیر دەبەستنەوە و کەڵەوەیەکی تەختەی قورسیان بە چەشنێک لە سەر مل سوار دەکردن، کە بەماوەی چەند ڕۆژێک تەنانەت بۆ کورتە دەمێکیش نەتوانن سەر بنێنە سەر هیچ دار و بەردێکەوە و چاوێک گەرم بکەن. گەلێک لە دیلەکان تابوشتی ئەم ئازارە گرانەیان نەدەهێنا و دەمردن. ئەوانەیش کە نەدەمردن، چەرمی کڵاوی سەریان وشک و وشکتر دەبۆوە، هەتا وشکتریش دەبوو، گوشاری لە ڕادە بەدەریان بۆ کاژەڵەی سەر دەهات. لەم حاڵەتەدا، تووکی سەریان لە ژێر پێستی وشک هەڵاتووی وشتر دا سەری دەردێنا، بەڵام کڵاوی وشک هەڵاتووی چەسپی کاژەڵەی سەریان ڕێگای بە تووکی سەر نەدەدا ئازادانە سەر دەرباز بکات. هەر بۆیە تووکی سەریان ڕێگای پێچەوانەی دەگرتە بەر و بۆ ژێر پێستی سەریان خوار دەبۆوە و دە پێستی سەریان هەڵدەچەقی. یەخسیرەکان لەبەر هەتاوی بیابانی (قەرەئۆزۆک)دا ئەوەندە ڕادەگیران، هەتا تووکی سەریان بە تەواوی لە ڕەگی هەستیاری سەریان دا کارکردی نەگەتیف دابنێت و هەرچی لە مێشکیان دا بوویان، بە تەواوی بسڕێتەوە، تەنانەت سەر و سیما و ڕواڵەتی خۆیشیان لە بیر دەکرد. دوای چەند ڕۆژێک، خاوەنی دیلەکان دەهاتن و ژێر پیلیانیان دەگرت و نان و ئاو و جێ خەویکیان پێ دەدان. ئیتر دیلەکان دیل نەدەمان، بەڵکە کۆیلەیەک بوون کە جگە لە دەنگ و ڕەنگی خێو و خاوەنەکەیان، هیچیان بەلاوە گرنگ نەدەبوو. لە ڕاستیدا خاوەنەکەیان هەموو شتێک بوو

بۆیان. پرسیار کردن و لێپرسینەوە لە ئایینی مانکورتەکاندا نەدەما. هەلسوکەوت و ئاکاریان تەواو کوێرکویرانە بوو. لە کارکردن و فەرمان بەڕێوەبردندا زیاتر لە چەند پیاوی بەتوانا کاریان دەکرد و بەکەمترین خزمەتگوزاری قایل دەبوون. خەمبارترینی بار و دۆخی مانکورتەکان ئەو دەمە بە سەریان دەکشا، کە تەنانەت دایک و نیشتمان و زمان و بیر و باوەڕیان بیر دەچۆوە و دەبوون بە هیچ.

کێ دەتوانێ حیزبە مۆدێل ستالینییەکان بە کۆپییەکی دەقاودوقی مانکورتی هۆزی (یوان یوان) پێناسە نەکات؟ مێشک و ڕامانی ڕوناکبیرانی حیزبی و مانکورتە زمان بەستەکان وێنایەکن و جیاوازییەکی ئەوتۆییان لە مابەین دا نییە.

(مانکورت)ی سیاسی ـ حیزبی، هەر ئەو روناکبیرە شەلل کراوەیە کە هەرگیز وەڵامی پرسیارەکان ناتوانێ بە زمانی فەلسەفەیەک بداتەوە کە لەو دیوی دیواری حیزبەکەیدا دەنگێک و ڕەنگێکی تری هەیە. مانکورتی حیزبی ئەو ڕوناکبیرەیە کە بەفێنکایی دونیای بچووکی حیزبەکەی هەناسەیەکی کزۆڵی بە هەناو دا دەگەڕێت و لە دەرەوەی بازنەی بچووکی شانەکەیاندا هیچ هەنگێک شک نابات دەمێکی پێ شیرین بکات؛ ئەساسنامە و پڕوگرامی حیزبەکەی هەموو شتێکە و باقی تر هیچ!

## مانکورتی حیزبی

ئەگەر هۆزی (یوان یوان) بە شێوەیەکی ڕەمەکی دەیتوانی لە ئینسانێکی خاوەن هەست، ڕۆبۆتێکی سارد و سڕی بێ بەزە ساز بکات، ستالین بەشێوازێکی سیاسی ـ زانستی، توانی مانکورت کردنی سیاسی پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سەقامگیربوونی وڵاتی سۆڤییەتی (وڵاتی شۆڕاکان)!! ، ئەوانەی کە توانییان خۆیان لەبەندی شەوەزەنگی ستالین ڕزگار بکەن و ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی بگرنەبەر، توانییان خەتێکی دێموکراتیک بۆ خۆیان بنیاد بنێن و لە سای بەرز ڕاگرتنی کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە و وەگەڕخستنی هۆش و کارایی و کەرامەتیان، لە دەستیان هات لە(هیچ) هەموو شتێک ساز بکەن؛ بۆ نموونە لە سوید و چەند وڵاتێکی ئەورووپیدا کە بەرنامەی ئاوەدانی و گەشەی نیشتمانیی سۆسیال دێموکراتەکان مرۆڤی حەساندۆتەوە. بەڵام ڕەشماڵی مشکان خواردووی ستالین، کە بەداخەوە بەر ئێمە کەوتووە، کاریکی وەهای بەسەر ڕۆناکبیری حیزبی هێناوە، کە دنیای تەنگ و نوتەکەی حیزبایەتی بۆتە مەبەست و ئامانج و، بەهەشتی حەسانەوەی خەڵکیش فیدای زیندووڕاگرتنی حیزب کراوە. سادەتر بڵێین، ستراتیژیی و تاکتیکەکان جێگایان گۆڕیوە؛ پلە و پایەی سەرانی حیزب بۆ ڕوناکبیری حیزبی ئەوەندە بەرز هەڵکشاوە، کە شێخێک لە ناو موریدانی تەکییەکەی دا. زیندوومانی مانی حیزب و سەرکردایەتی حیزب، بۆتە ستراتیژی و، خەڵک و ئامانجەکانی خەڵک بوون بە (تاکتیک). هەربۆیە حیزب و ڕوناکبیرانی حیزبیمان، لەوەتی خەریکی تێکۆشانن، دوای ڕشتنی سەدان بەرمیل خوینی لاوانی وڵات، نەیانتوانیوە بە قەدرایە پیاڵەیەکی بچووک، (ماف)ی خەڵک و ڕەنجبەر و کرێکار بستێنن.

حیزبی تودەی ئیران و حیزبی شیوعیی وڵاتانی عەرەبی، کۆنترین و بەتواناترین حیزبی کمونیستی ستالینی بوون، کە ئەگەر تەشکیلاتی (کوردستان)یشیان لەگەڵدا حیساب بکرێت، بەداخەوە لە ماوەی نزیک بە حەفتا ساڵ کار و خەبات و قوربانیدانی بێوچاندا، نەیانتوانیوە تۆزکاڵە هەتوانێکیش لەسەر

برینی بە ئازاری زەحمەتکێش و کریکار دابنێن. بەڵام چلمێردە(ئەهرۆم)ی چینی کرێکاری خۆماڵی گەلێک جاران بە قازانجی (مۆسکۆ) کاری پێ مەیسەر کراوە.

## کوردستان و مانکورتی حیزبی

لە سەرهەڵدانەکەی سەرتانسەریی ئێراندا، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوشان دەگەڵ گەلانی ئێرانی هەستایە سەرپێ. دووهێزی سەرەکی کوردستان کە هەڵقوڵاوی جەرگەی کوردستان بوون، وەک نوێنەرانی سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتنە گۆڕەپانی خەباتەوە و ناوی خۆیان لە سەروی تێکۆشانی کوردستندا تۆمار کرد. کۆمەڵەی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران ئەگەرچی بەگوێرەی زەمانی سازبوونی ، ڕێکخراوەیەکی مۆدێرن و لەسەر ڕێبازی ماوتسەتونگ دامەزرا بوو، بەڵام هەرگیز نەیتوانی یەخەی خۆی لە چنگی فەرهەنگی سیاسیی حیزبی تودە بستێنێتەوە. شایانی گوتنە کە زۆربەی حیزبەکانی ئێرانی، تەنانەت ئەوانەی کە سنووریشیان لە حیزبی تودە جیا کردبۆوەوە، زانم یان نەزانم، پنج و ڕەگ و ڕیشە و ڕەگەزی سیاسەتەکەیان و شێوازی بەڕێوەبەرایەتی و پرەنسیپە تەشکیلاتییەکانیان هەروا لە زنەی حیزبی تودە دا ئاوی دەخواردەوە. لە کوردستانیشدا، بناغەی سیاسەتی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات لە سەر ئەساسی سانترالیزمی دێموکراتیک دامەزرابوو. جاران و ئێستاکەیش، لە هەر دوو ڕێکخراوەی ناوبراو دا مانکورتی حیزبی گەلێک خەست و خۆڵ و توند و دوو ئاتەشە بووە و هەیە.

ئەوانەی کەوا سەردەمی داڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی ئێرانیان لەبیردا مابێت، بێشک دەزانن جەماوەری گوند و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبێ قەرارێکی پێشین، بە دڵاوایییەوە هاتن و چی لە توانایاندا بوو، کردیان و دەستیان شل نەکردەوە. کوردی تینووی ئازادی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانان هەستان و چوارئێسکەی دوو هێزی ناوبراویان بە هەموو کەرەسەی خۆماڵی پەیڕێژی کرد.

دەکرێ بڵێین کۆمەڵە و دێموکرات لە سای دوو فاکتەری سەرەکیدا بۆیان لوا کە بتوانن بۆ درێژە پێدانی خەبات، سازمانکاریی خەڵک بگرنە دەست. فاکتەری یەکەم دەگەڵ قرتاندنی دەسەڵاتداریی ڕژێمی(شا)ی ئێران لەلایەن چەند زلهێنزی جیهانییەوە چەخماغەی دا. کۆنفەرانسی(گوادلۆپ) ئەم وتەیە پشت ڕاست دەکاتەوە کە تێیدا نوێنەرانی ئەمریکا(کارتێر)، فەرەنسە(ژیسکاردەستن)، ئەڵمان(شمیت) و بریتانیا (کالاهان)، لە ڕۆژی پێنجەمی ژانوییەی ساڵی ١٩٧٩دا، بڕیاری کۆتایی حکومەتی بنەماڵەی پەهلەوی و شاربەدەرکردنی(شای ئێران)یان تاو و توێ کرد. هەر دوا بە دوای پێکهاتنی وڵاتانی ناوبراو، ژەنەراڵ(هایزەر)ی ئەمریکایی بە مەبەستی سەردانی شای ئێران و پێڕاگەیاندنی خەوەرەی ناخۆش، ڕەوانەی تاران کرا.

دەست بەردانی ئەمریکا لە شا، پشتی حکومەتەکەی شکاند. شکاندنی پشتی شا لەلایەن ئەمپریالیستەکانەوە و بزواندنی خەڵک بە مەبەستی شێواندنی ناوچەکە و لە ئاکامدا نوێ کردنەوەی سیستەمی تاڵانی سەرچاوە ئابورییەکانی ناوچەکە، سەرهەڵدانێکی سەرتانسەری بۆ هەڵایسا. لە سەرهەڵدانەکەدا حیزبی کۆن و حیزبی نوێ سەریان هەڵدا و لە نێو خەڵکاندا کەوتنە چالاکی.

لەمەڕ ئەوەیکە حیزبەکان بە هەموو هێزەوە هاتن و بۆی هەستان، هاتن و هەستانی ئەوان بۆ جەماوەری ڕاپەڕیو، زمانی پەسن و ئافەرین گوتنی بە شوێن داهات. هەروەها لەمەڕ کادر و پێشمەرگە و لایەنگرە

گیانفیداکانیشیان زمانی ڕێز و پێزانین بە هەزارانی هەزارە. بەڵام ئەوەیکە جێی سەرنج و جێی داخ و مخابن بوو، شێوەی خەبات و تێکۆشانیان بوو لەو سەردەمەدا.

بەپێی نەزمی مێژووی سەردەم، لە هەر وڵاتێکی وا کە زلهێزەکان بۆ گۆڕینی شێوە و چەشنی تاڵان و ماڵوێران کردنی خەڵک، خەریکی دانانی پرۆژەی ئاڵوگۆڕێکی نوێ دەبن، لە دەسپێکدا و بەرلە دامەزراندنی یەکەمین خشتی پلانەکەیان دا، قازانج و بەرژەوەندییەکانی دوور و درێژ و گەرانتیکراوی خۆیان و یارانیان لەبەر چاو دایە. بۆ وەبەرهێنانی ئەمانەش، گەڵاڵەی دانانی سیستەمی حاکمییەتێک لەو شوێنانە دەگرنە بەرچاو، کە دوو ئالترناتیڤی(هار)ی و(یانیگر)ییان تێدا بەدی بکرێت. سەگی هاری یانیگر باشترین پاسەوانە بۆ پاراستنی هەر چەشنە بەرژەوەندییەکی کە وڵاتانی ئەمپریالیستی خوازیارین؛ یانیگر بۆ تێکدانی نەزم و پارالێلی ناوچەکە؛ هار، بۆ داپڵۆسین و تەڤر و تونا کردنی هێزی بەرهەڵستکار. کەواتە حکومەتی سازکراوی زلهێزەکان لە دنیای ئێمەدا، دەبێ سیستەمێک بێت کە دوو تایبەتمەندیی (هار)ی و (یانیگر)ی تێدا خەوتبێت.

حیزب و هێزە بەرهەڵستکارەکانیش لە سەرەتای کاریانەوە بە پرژ و بڵاوی سەریان لەهێلکە هێنایە دەر و هەریەک بە هەوایەکەوە خەریکی چالاکی بوون. سەرەڕای پرژ و بڵاوبوونیان، بەداخەوە هێندە دەرگا داخراو و دژ بە یەکیش هاتنە مەیدان، کە سیستەمی داگیرکەری سەرکوتکەر بۆ خواردن و بنەبڕ کردنیان ڕەنج و مەراقێکی ئەوتۆی نەکێشا؛ بە گژ یەکتری دا کردن و دوایە دەسکەنەی کردن، لە زینداندا ڕایگرتن و دوایە هەڵیاوەسین، لە تاراوگەدا ڕایگرتن و دوایە بێ ئەسەری کردن؛ ئاخرسەر حکومەت مایەوە و خەڵکێکی پەرێشانی بەلەنگازی دەستەویەخەی هەزاران دەرد و ئازار.

هێزە بەرهەڵستکارەکان بەر لەوەیکە لە دەرەوەی بازنەی بەرنامەی حیزبی دا بەرنامەیەکی هاوبەش دابمەزرێنن و لە بەرامبەری سیستەمی داپڵۆسێنەر دا سیستەمێکی بەرخۆدان و تێکۆشانی شۆڕشگەرانە ئاودان بکەنەوە، خەریکی داتاشین و بچووک کردنەوەی یەکتر هاتن. بەداخەوە نەخۆشینی هێزەکانمان یەک و دوو نەبوون کە بە پەنجەکانی دەست بژمێردرێن؛ لە (سکتاریزم)ی حیزبی و دەرد و ئازارەکانییەوە بگرە هەتا دەگاتە لەخۆبایی بوون و لەبەچاو نەگرتنی نەخشە و پلانی وڵاتانی بەرژەوەندپەرست و نەدوزینەوەی ڕێچارەیەکی هەمەلایەنی دژ بە پیلانی سیستەمی داسەپاو ، ئەمانە هەمووی و هەمووی بوونە هۆی سەقامگیربوونی سیستەمی سەرکوتکەر. بێخەبەر لەوەی کە هیچ حیزبێک بە تەنێ یارای بەرەنگار بوونەوەی(سیستەم)ی داپڵۆسێنەری نابێ و، هەتا یەکایەکی حیزب و لایەنگرەکانیان لە ژێر چەتری سیستەمێکی شۆڕشگەردا خۆیان ڕێک نەخەن ، ڕەنجەڕۆیی بەشی خەڵکی قوربەسەری وڵاتە و بەس.

فاکتەری دووەم کە حیزب و کۆمەڵەی لە خەم ڕەخساند. فاکتەرێکی خۆماڵی بوو. فاکتەری خۆماڵی ئەگەرچی هێز و گوڕ و تینی لە موتورێکی لۆکالی وەردەگرت، بەڵام تایبەتمەنیەکی فرە تایبەتیشی تێدابوو کە حیزبەکانی دەرەوەی کوردستان لەو بێبەش بوون. لە ئاماژەیەکی سەرپیی دا، ئەگەرچی حیزب و کۆمەڵەش وەکی حیزبەکانی تر لە سای دژایەتیی خۆییدا تووشی کەوتن و نوچدان هاتن، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی دوو حیزبی ناوبراو لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەر زیندووە و هەر ماوە.

دەتوانین بڵێین سەتاسەتی پێکهاتەی کۆمەڵە و دێموکرات لە دەمی سەرهەڵدانی سەرانسەری ئێراندا لەو ماتریالە ئامادەیە وەرگیرا، کە ئاو و گڵەکەی لە گڕکانی یادی کۆماری کوردستان، یادی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ساڵانی ٤٧ ـ ٤٦ ی هەتاوی و گەلێک تەڤگەری لوکاڵی تر دا پوختە کرابوو. ئەو فاکتەرە ئەم بوارەیشی بۆ حیزب و کۆمەڵە ڕوخساند کە لە فازی یەکەمی سەرهەڵدانیاندا بتوانن هاوکات دەگەڵ

سازماندەهی خەڵک، ئەرکی سیاسی ـ نیزامیش بگرنە ئەستۆ. بەڵام هەر ئەم دوو هێزە، لە سەر سنگ و باوەشی ئەو خەڵکەی کە دەریای پێشمەرگەکانیان بوون، شەڕێکی خۆ بە خۆی ناوخۆیان هەڵاییساند، میوانێکی مێشک کرێژیان وەخۆ گرت، پەیوەندییەکی نامەبارەک و دەست پانکردنەوەیەکی ناحەزیان دەست پێکرد. لە دەمی ئەنجامی ئەم سێ کردەوە ناحەزانەیاندا، حیزب و کۆمەڵە نە پرس و ڕایەکیان بە خەڵک کرد و نە دەربەستی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خەلکیش بوون. ئەوەی کە کردیان، خۆ خوازییەکی ڕووت و ئاشکرای سەرکردایەتیی هەر دوو حیزبەکانی پێوە دیار بوو. ئەوان خۆیان کردیان و پەکیان بە کەس نەکەوت و قەتیش خۆیان بە بەرپرس نەزانی. "دەڵێن گۆزە بە دەست کابانی گەورە بشکێت، دەنگی نایە".

ئەدەبییاتی سەرکردایەتیی هەر دوو حیزب لەمەڕ شەڕی نێوان حیزب و کۆمەڵە، لەمەڕ خۆ بەدەستەوەدانیان بە مجاهید و سەهەند، لەمەڕ پەیوەندیی نامەبارەک و دەست پان کردنەوەیان بۆ بەعسی فاشیست، ئەگەرچی هەر یەک لەوانە کاروانێکی شەهیدی لێکەوتەوە، بەڵام چونکە ئەدەبییاتی شۆڕشگەرانەی خۆیان قەڵەمی لێدا بوو، دەخلی بە هیچ کەسێکەوە نییە. لێ کەس ناتوانێ بەر بەم پرسیارە بگرێت کە هەیاران هۆی چییە پاشی ئەو هەموو قورت و کەوتن و نوچدانانە و، پاشی ئەم گشتە لەت بوون و لێک ترازانانە، کاتێک کە کۆنگرەی ساڵانەی خۆیان بە جیا دەبەستن، لە کۆتایی هەر کۆنگرەیەکدا، یەکەم مزگێنیان بە خەڵکان ئەمەیە کە ((کۆنگرەی ئەمجارەکەیان لەبارترین، دەولەمەندترین و سەرکەوتووترینی کۆنگرە بووە)).

چەندین ساڵە، کۆنگرە بەدوای کۆنگرەدا دێت و دەڕوات، ئەگەر هەموو دەنک و دانی ئەو کۆنگرە سەرکەوتووانە کۆ بکەینەوە و چەشنی مت و مورووو لە ڕایەڵێکدا بیهۆنینەوە، ملوانکەیەکیان لێ ساز دەبێت کە تێکڕای ئافرەتانی کورد، هەموویان ملوانکەیەکی درێژی بە دڵی خۆیانیان دەست دەکەوێت.

چاوی ڕوناکبیری حیزبەکانمان هەر بەس بە دوو ڕەنگان ئاشنایە و دوو ڕەنگان دەبینێ، ڕەنگێک(مان)ی خۆیان و ڕەنگی تر(نەمان)ی حیزبی بەرامبەریان. هەربۆیە دەگەل کۆتایی هەر کۆنگرەیەکیان،(بووک لە داخی خەسوو)، مزگێنی سەرکەوتن و سەرفرازیی حیزبەکەی خۆی بە گوێی دەرو جیراناندا ڕادەگەیەنێت. هەمو جارێکیش بۆ داپۆشینی کەموکوڕیەکانیان، بە زڵە ڕوومەتی خۆیان سوور ڕادەگرن. سوور ڕاگرتنی گۆنا بە زڵەش، ئەگەر هەڵە نەکەم، نیشانەیەکە لە ترسنۆکی. واتە رووناکبیری حیزبی لە ترسی فەشەل هێنان و لاواز بوون و، لە ئاخرسەر دا بۆ ئەوەیکە حیزبی بەرامبەریان بە عەیبەیان خۆشحاڵ نەبێت، ناچار بە درۆکردنیش دەبن؛ واتە درۆ دەگەڵ (گەل)، دەگەڵ(چین)، دەگەڵ(توێژ) و دەگەل خۆیشیان. ئەمەش بزانین کە ترسنۆکی و درۆکردن دەگەڵ ڕوحی ڕوناکبیری، کە قەرارە زۆر بێباکانە دیاردە چەوتەکانی نێو کۆمەڵگە بتوێژێنێت و لەجێی ئەواندا دیاردەی نوێ دابنێت، ئەوەندە دژ بەیەکن، کە سەهۆڵ و پشکۆی ئاور.

بار و دۆخی تراژیکی مانکورت کراوەکانمان ئێستێ ئەوەندە دەردناکە، کە هەر دەبی بەحاڵی خۆمان بگرین. لەلایەک لە باشووری کوردستان بە دەزووی بەڵێنێکی نا خاوێنیان بەستراونەتەوە و بە (دۆلار)ێک بەخێو دەکرێن، کە دەرجەی ئەقڵ وێنەیەکی ڕەش بەسەر دۆلارەکانەوە بەدی دەکات، کە ساڵیانی ساڵە پێشمەرگە شەڕی لەگەڵدا کردبوو.

مانکورتکراوەکانمان تەنانەت یارای جیاکردنەوەی پاک و پیسیشیان لێ زەوت کراوە. هەر ئەو شوێنەی کە ئەوان تێیدا کۆیلەکراون، وەها بۆتە هێلانەی سیخوڕ و گەندە پیاوان، کە تەنانەت چەک و چیا و بیر و باوەڕیش گومانی لێدەکرێت. لەسەر سنوورەکاندا باندی مافیایی خەریکی دزینی هۆشی گەنج و

لاوەکانە. لە هەر دووک دیوی سنووراندا، گیرفان دەوڵەمەندانی ژێر زگ برسی، بازاڕی لەشفرۆشییان ڕمێن پێداوە و ڕۆژ نییە دەیان گوڵی خاوێنی تێیدا پەڕ پەڕ نەکرێت و دوایش شرت و گوم نەکرێن. پارتیزانەکانمان هەمووی ئەمانە دەبینن و تەنانەت ئەمەش دەبینن کە لە هەر دوو دیواندا (ئایین پاشایی) و پیاو سالاری خەریکە خۆی لە قانوون دا جێ دەکاتەوە و هاکا ژن و قوڵکە و بەردەبارانی ئافرەتان پەلکێشی ئەو شوێنە کران کە وا (ئۆردوگا)ی حەسانەوەی یاران و نەیارانی لێیە.

لە بەشێکی هەرە مەزنی کوردستاندا، سیاسیکار، نووسەر، ئەدیب، دۆکتۆر، مامۆستا، پیشەوەر و... بەرامەی(دۆلار) لە هۆشی بردوون. کۆمەڵگەی پارچەیەکی ئازادکراومان خەریکە چەشنی مار توێژ باوێژێ و هەژدیهای حەوت سەر، سەر لە توێژەکەیەوە دەربێنێت. لە باشوری وڵاتەکەماندا چی نەماوە ئەو ئەمەگداری و خۆشەویستییەی کە تاکێکی گەلەکەمان بەرامبەر بە خاک و نیشتمان هەیبوو، ڕەنگ بگۆڕێت و ئیتر تەنانەت ڕژانە سەرشەقامی جەماوەر، هاوار کردن، دەنگ هەڵبڕین و ئێخە دادڕینیش ڕەنگ و نموود و قورسایی جارانی پێوە دیار نەبێت و بە نەزۆکی بکەوێتە سەر زەوی. تەنانەت ترس و خەمی ئەمەش لە دڵاندا بارە کە دەگەڵ چەک و چیا، دەگەڵ ڕابوون و سەرهەڵدان ماڵاوایی یەکجارەکی بکرێت.

باوکێکی ڕەنجبەری هەژار، ماڵباتێکی یازدە کەسی لە ڕێی (کەوڵ) فرۆشتن بەڕێ دەبرد... بەهۆی خەڵوو بوونی کوڕەگەنجی لەخۆبایی، کەوڵەکەیان بە ئاو دا چوو. هەنووکەش ئەوا ئێمەین و لە سەر ئەرزی واقیعدا هەموو شتێکمان نزیکە بەبا بچێ ... هەیاران چ کەردەن؟!

## چ کەردەن؟!

بە باوەڕی ئینسانی بەهیوا و بە گوتەی خەڵکی هومێدەوار، هێشتا بە تەواوی کار لە کار نەترازاوە و کورد گوتەنی: " قیامەت بەرپا نەبووە". ئەگەر باوەڕی ئینسانی بەهیوا و، هومێدی هومێدەوارانیش بخەینە بانی هەر دووک چاوانمان، بەڵام چونکە دوژمن لە هەموو لایەکەوە لێمان کەوتۆتە سە کلک و بەردەوام بۆمان تێدەچێنێت، بە دوور نییە هاواری سەرو ماڵ بەم زووانە بگاتە گوێمان و کار لە کار بترازێت.

زانایەکی یۆنانی کۆن، پێموایە (ئەرشمیدۆس) بووبێت، گوتویەتی: " ئەتۆ لە دەرەوەی گۆی زەویدا(چلمێردە = ئەهرۆم)ێکم پێبدە تا من (گۆی زەوی)ت بۆ لە جێگا هەڵقەنم".

دیارە مەبەستی زانای یۆنانی، نیشاندانی توانایی و کارکردی(چلمێردە)یە، نەک هەڵقەندنی گۆی زەوی. مەبەستی ئەم نووسراوەیەش لە گێڕانەوەی ئەم گوتەیە، تەنیا نواندن و نیشاندانی زیبک و کارایی و کارامەیی ڕوناکبیری زانا و چالاکی چاونەترسە.

تۆ چەندێک ڕوناکبیری چالاکی چاونەترس کۆ بکەوە، سا ئەودەم سەرەی ئینسانی ئازادیان لە پشت سەر ببینە. بەتایبەت کە سەردەمەکەمان سەردەمی ڕاگەیاندن و ڕۆشەنبیرییە و ئینتەرنێتیش پەیکی چابوک و چالاکی ڕۆشبیرانە.

ڕەنگە بەو هۆیەوە کە سەردەمێک زۆربەی ڕوناکبیرانی دەرەوەی وڵاتمان گرێدراوی ڕێکخراوە سیاسیەکان بوونە، ئەم پرسیارەش لەبەر دەمدا خۆی زەق بکاتەوە و بگوترێت: "هەیاران کوا دانیشتن و یەکگرتنی پەنجا ڕوناکبیری کورد، ئەویش روناکبیرانی جارانی دێموکڕات، کۆمەڵە، تودە، چریک، پەیکار، موجاهید، و... لە ژێر میچی ماڵێکدا سەردەگرێت!" بەڵام ئەو پرسە گورجێک وەلا دەندرێت و

ترس نامێنێت، چونکە ڕوناکبیری جارانی ئەو ڕێکخراوە سیاسییانە ئەگەرچی لە حیزب و ڕێکخراوەی خۆیان قرتاون، بەڵام هێستایش هەر وەفادار بە گەل و نەتەوەی خۆیین و هەر تێکۆشەرن. ئەوەی لە دەرەوەی بازنەی حیزبەکانەوە بروانێتە ڕابوردوی خۆی، بێشک لەو خەسارە مەزنانەی کە شەڕی نێوان هێزکان، خەڵک و نیشتمانەکەیانی بریندارکردووە، داخ لە دڵ و خەمبارن. بێشک ئەو کەسانەی کە لە کارەساتەکان داخ لەدڵ بن، بۆ قەرەبوو کردنەوەی خەساری دەردناک، هەمیشە و هەموو دەم ئامادەن هەنگاوی بوێرانە هەڵبگرن.

ڕوناکبیرانی سەربەخۆمان، ئەگەر باکووری بن یان باشووری، ڕۆژهەڵاتی بن یان ڕۆژئاوایی، وەک ڕۆژ لێیان ئاشکرایە کە ئەزموونی باشوور کەموکوڕی و عەیبە و نەخۆشینی ئەوەندە زلی تێدایە، کە ئەگەر بارانی شۆڕشێکی خاوێن بەسەری دا نەبارێت، لە ئەقڵ گەلێک بەدوورە زبڵ و زاڵی چەوتیەکان بە قسەی فەرمایشی ڕامالدرێت.

ئەزموونێکی کە قەرار بوو باشوری کوردستانی پێیدا تێپەڕیت، هەر لەسەرەتای کارەوە دیار بوو ئەوەندە وردە شووشە لە هەویرەکەی دایە، کە دەست بردن و هەڵشێلانی ئەو هەویرە، گەلێک خوێن ڕژتنی لێدەکەوێتەوە. کەس نییە نەزانێ لە ساڵی(١٩٦٦) بەدواوە، (جەلالی) و(مەلایی)یەکان دوژمنایەتییەکی ئەوەندە ڕەق و توند و تیژیان کەوتبوویە نێوان، کە گەلێک جاران بۆ تەزاندن و بەزاندنی یەکتر، لە هێزی داگیرکەر کەڵکیان وەرگرت. بگرە تەنانەت دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ڕانییە و دەرکردنی بەعس و ئاواکردنی پەڕلەمانی کوردستانیش، دوژمنایەتیی پارتی و یەکێتی بە چەشنی ئاگری ژێر پوشوو ، هەر دەم لێرە و لەوێ بڵێسەی دا. یاریکاریی وڵاتانی ئەورووپی و قامک ڕاوشاندنەکەی(مادلین ئولبرایت) بە مەبەستی دەست لێدانەوەی هەواڵانەی کاکە و مامە و پێکهاتنی پەڕلەمانی فیفتی فیفتی و گەلێک هەوڵ و دەولی تر، هیچیان نەیانتوانی ئاگری ژێر پوشوو بە یەکجاری دامرکێنن.

ئەزمونی باشوری وڵات، ئەو دەمە ئەزمونێکی لەبار و پڕ بار دەبوو، کە هێزێکی شارستانی، بە فەرهەنگێکی شارستانیانەوە قۆڵی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی هەڵماڵیبایە. دوو هێزی لەمێژ دوژمنی پارتی و یەکێتی، لە تەمەنی خەباتی شاخ و پێشمەرگەدا هەرگیز نەیانتوانی لە دۆڵی چیایەکدا سەکۆیەکی ئازادکراوی هاوبەش ساز بکەن، کوا، کەی ئەقڵ دەیبڕێت ئەم دووە بە سەر وڵاتێکی پان و بەرین دا حاکم ببن و خەڵک لە ژێر سایە و سێبەریاندا، تێر و تەسەل بحەسێتەوە؟!

بیرمان نەچێت کە(یەکێتی و پارتی) لە شاخ دابەزین و لە شار حکومەتیان گرتە دەست. بزووتنەوەی(فلستین)یش کەمتاکورتێک بە وێنەی باشوری کوردستان لە چۆڵ و شاخ دا سەقاڵی خەبات بوون. ئەوانیش هەتا ئەوکاتەی کە سەریان بە خەباتەوە گەرم بوو، شوێنەواری چەوتیکاری پێیانەوە دیار نەبوو، بەڵام هەرکە لە بەرزاییەوە دابەزین و دەفتەر و دەستەکی حکوومەوتیان کەوتە دەست، لەبری خەباتێکی توند و تیژ لە دژی فەرهەنگی چەوتیکاری، مخابن بەولادا کەوتن و بە تاڵووکەیەکی(با) هێناو، لە خەرمانی سوور نیشتن.

سەرکردایەتیی شۆڕشی شاخ و پێشمەرگە ناتوانێت دەگەڵ حکومەتی دێموکراتیکی پەڕلەمانی لە ژوورێکدا پێکەوە قاچ ڕاکێشن. ئەوان لە شاخ و چیاکان و لە دەمی خەبات و تێکۆشانیان دا ئازا و بوێر و قارەمان بوون؛ ئازایەتی و قارەمانەتی و بوێری دەگەڵ پەرلەمانی و دێموکراتی دوو شتی لێک جیان و هەر یەک لە شوێنی خۆیاندا بایەخیان هەیە. ئەزمونی مێژوویی نیشانی داوە کە سەرکردایەتیی حیزبی هەتا ئەو دەمە دڵسۆزن، کە گۆڕەپانی دەسەڵاتیان لە نێوان چەند شاخ و تەلانێک دایە. ئەگەر

دڵسۆزییەکەیان لە شاریشدا بەڕادەی سەردەمی شاخ بوویایە، گەلێک شیرین و بەوەج دەبوون ئەگەر لەبری وەرگرتنی دەسەڵات و نیشتن لەسەر حوکم، لە پەراوێزێکی ئاسودە دا بۆی دانیشتبایەن و بۆ بەڕێوە بردنی حکومەت، لەو گشتە زانا و پسپۆڕانە کەڵکیان وەرگرتبایە کە لە ئاکادمیاکانی هەندەران دا زانستی حەکەمییەت و حکومەتکردنیان وەک عیلم خوێند بوو.

لە مێژوی سەردەمدا ئەزمونی خەڵکی فلستین نەیتوانی ببێتە قوتابخانەیەک و ئەزمونی باشورمان لە مەترسی بپارێزێت. لە باشوری کوردستانیش دیسانەوە هەر ئەو تراژیدیایە خۆی کۆپیَ کردەوە کە خەڵکی فلستین لە دەستانی دەناڵێنێت. لە باشوری وڵاتی کوردانیش دا، لە بری ئەوەیکە(کار) بدرێتە دەستی(کارزانان)، مخابن پاڵەوانانی شاخ (کار)یان گرتە دەست. هەر کاربەدەستێکیش کە کاری کەوتە دەست ، ئەوەندەی(کاکە و برالە) لەخۆی کۆ کردەوە، کە لە کوردستانی ژێر ئەزموندا دوو تیرەی جیا لە یەکتری لە دایک زاند؛ تیپی کاکە و برالەکان لە لایەک و لە بەری ترەوە هۆردوی ڕەش و ڕووتڵەکان. جێی داخ و خەسارێکی مەزنیشە کە قارەمانانی ئەزمون لە بری ئاوەدانکردنەوە و زیندوو کردنەوەی بەیار و بەر و بۆمی کشتوکاڵی و نەوژەن کردنەوەی ئاژەڵداریی و چاکسازی باغداری و زیادکردنی ئیش و کار بۆ هێزی کاری وڵات، خۆیان خەریکی ڕاماڵینی(گەلا)و (دەفتەر)و (بلۆک) کرد. لەم کارەش دا فەرهەنگی خەمناکانەی تەمبەڵی، چاولەدستی، هەلپەرستی، چاونەزێری و بێ بڕواییان لە وڵاتدا پەرە پێدا. ئەو بەشە کوردستانەی کە جاران جێی بڕوا و بەقا بوو، ئێستێ لەبەر بۆنی پیسی گەندەڵی، بڕوا وشک بووە و بەقا ڕایکردووە. دەڵێن: " بۆ ئەوەیکە بتوانی بە سەر کۆمەڵگەیەکدا زاڵ بی، پێشەکی فەرهەنگەکەی لێ بشێوێنە ".

حیزبی دێمۆکرات بە هەر دووک باڵەوە و کۆمەڵە بە هەر سێ باڵەکانییەوە، لە چەندشوێنی باشوری کوردستاندا جێگای نیشتەجێ بوونیان بۆ دیاریکراوە. ئەوان بە گوتەی خۆیان، ئەگەرچی لایەنگر و ئەندامانێکی زۆریشیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا هەیە، بەڵام چەلێ (بەناچاری) میوانی حکومەتی هەرێمن و بۆ چارسەرکردنی باری ئابوری، چاو لە دەستی بەزەی خانەخوێن. لێرەدا ئەم ترسە بە دڵ دا دێت و ئەم پرسیارەش مێشک دەتاسێنێت کە هەیاران تۆ بڵێی وانەکانی زانکۆی گەندەڵیی تەشەنا نەکاتە سەر هزر و بیر و مێشکی سەرکردایەتیی حیزبەکانمان و لە ڕۆژی سەرکەوتن و گەڕانەوەیان بۆ ڕۆژهەلات، ئەم مەتاحە ناپیرۆز لە گەڵ خۆیاندا ئاودیو نەکەنەوە؟!

ئەگەر ئەرکی سەرشانی روناکبیر، مووقەڵێشی و دۆزینەوەی دایک گەرای ئافات و مافەتەکانە، ئەدی لەم هەلومەرجە شێواوە دا روناکبیرانی ئێمە لە کوینە؟!

ئەگەر بەپێی ئەرکی سەر شانیش بێت، ڕوناکبیر ناتوانێ لە بەرامبەر قوربانی بوونی هەلی مێژوویی دا بێدەنگ بمێنێتەوە و هەڵوێست نەگرێت. ڕوناکبیرانێکی کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئازاد دا پرژو بڵاون، بێشک، ئەو گشتە دەرد و ئازارە هەست پێدەکەن؛ کەچی بە ئەرکی گرانی سەرشان و بە بیری مووقەڵێش و بە هەستی خاوینی وێژدانیشیانەوە، هەیاران بۆچی بێدەنگن؟!

ڕوناکبیرانێکی کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئازاد دا ماون، باوڕێکی تەواویان بەمە هەیە کە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەرچەند کە لە بەرنامە و ئەساسنامەکانیان دا جیاوازیی ستراتیژییان هەیە، بەڵام لەم سەدەمە هەستیارە دا ستراتیژی و تاکتیکێک ناتوانێ بە واتای دوژمنایەتی و دژایەتیەکی ئەوتۆ ڕەق و زەقی ناوخۆیی بێت، کە لە داخی بڕ نەکردنی تاکتیک و ستراتیژی، خۆیان ببن بە (خۆرکە)ی خۆیان و، خۆیان بەرەو لەتبوون و کز بوون و پەڕپوتبوون بەرن.

ڕوناکبیرانێکی کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئازاد دا ماون، باوڕێکی تەواویان بەمە هەیە کە، سەرکەوتن ماڵی لەو شوینەیە کە هاوکاری و هاودەنگی و یەک هەڵویستی لێیە.

تۆ ئەم نمونە بچکۆلانەیە لێک بدەوە و سەیری ڕەنجەڕۆییەکەمان بکە: "... بۆ دەنگدانی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی ئێران، نیوە لەتکی ئەم حیزب بە لایەنگرانی خۆی ڕادەگەیەنێت کە دەنگی خۆیان بە مرۆیەکی باش بدەن.. لەتکەکەی تر پەیامی (نەرێنی) بۆ گەل دەنێرێت. پەیامی لەتی حیزبی تر بە لایەنگران ئەمە دەبێت کە کەس نەچێتە پای سندوقی دەنگدان.. لەتی تر بە هەواخواهانی ڕادەگەیەنێت کە بچن و دەنگی سپی دە سندوقان بهاوێژن و... "

لێرەدا نەبوونی هاودەنگی و هاوکاری و یەک هەڵوێستی چیها زیان بە خەڵک دەگەیەنێت و چەندە (وزە)ی بەلاش دە کیسەی نەیاران دەهاوێژێت! ئەگەر کەسێک هەڵکەوێت و لە ڕووی نەفامییەوە هۆی ئەم پەرێشانیە لە سەرکردەکان پرسیار بکا، ئەگەر بەردی تێ نەگرن، بێشک لە وەڵامدا پێی دەڵێن کە ئەمە شێوەکاری خۆیانە و خۆیان لە کار و بەرنامەی خۆیاندا سەربەست و ئازادن.

ڕوناکبیرانێکی کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئازاد دا ماون، باوڕێکی تەواویان بەمە هەیە کە تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان ئەوکاتە جێی هیوایە، کە لە دەرەوەی پلاتفۆرمی حیزبیدا، بەرنامەیەکی تێکرابیشیان هەبێ بۆ وەدەست هێنانی ئەتمۆسفەرێکی دیموکراتیکی ئەوتۆ، کە بکرێ هەر یەک لە حیزبەکان بەرنامەی ئاوەدانی و بەرێوەچوونێکی ئینسانی پێشکەشی ڕای گشتی بکات و خەڵکیش دەنگ بەو بەرنامە و پرۆگرامە بدات کە دەگەڵ بار و دۆخی وڵات و گوژمەی داراییەکەی یەکتر دەخوێننەوە.

ڕوناکبیری ئازادی سەربەخۆ، قەت دەستی سەلماندن بۆ بەرنامەیەکی خەیاڵی لە مل نادات کە بە شێوەیەکی کتێبی و خۆ خوازانە، شێوەی حکومەتی داهاتووی وڵاتێک لە سەر لاپەڕەی کاغەز ڕەسم بکات. ڕوناکبیری سەربەخۆ لە دەقی ڕامیاری و ڕامانی خەڵکی وڵات شارەزایە و باش دەزانێ لە وڵاتێکی دا کە پەنجا لە سەتی دانیشتووانی چاوەڕێی هاتنە دەری ئیمامی زەمان لە چاڵاوێکدا بن، لە وڵاتێکدا کە حەفتا ساڵە چینی کرێکارەکەی کرابێتە ڕۆبۆتی شل و توند کردنەوەی پێچ و مۆرەی بەرژەوەندییەکانی ئەم و ئەو.. لە وڵاتێکدا کە هەژاری و دەردەداری لە هەموو شت زیاترە.. لە وڵاتێکدا کە بەشێک لە گەنج و لاوەکانی بۆ بەڕێوەچوونێکی ئاسایی ڕۆژانەیان، خوێن و گورچیلە و ئەندامی پیاوەتیی خۆیان بە هەرزان دەفرۆشن، ئەو وڵاتە دەبێ و دەبێ تینووی یەکسانی بێ. بەڵام هەتا ئەو کاتەی کە چێژی یەکسانی لە مێشکی مرۆڤەکاندا جلکی ڕاستەقینە دەکاتە بەر و پەردەی درۆیینی حوکمی قەزا و قەدەر و چارەنووس دڕ دڕ دەکرێت، چەلێ ڕێگایەکی دوورمان لەبەرە. ئاشقانە و سۆزبازانە پێوەنووسان بە ئایدیۆلۆژیا و پێ داگرتنی سەرسەختانە، نە تەنیا وزە و دەرفەت لە کیس دەدات، بەڵکە کۆسپێکی فرە دژواریش دەخاتە سەر ڕێباز و کاروان لە بیاباندا هەتلە دەکات.

ڕوناکبیرانی ئازادی سەربەخۆ، لە هەمان کات دا کە دەزانن حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی زۆر جاران تووشی کەمتەرخەمی هاتوون و گەلێک هەلی هەڵکەوتوی مێژوییشیان لە کیس داوە، بەڵام دەستی سەلماندنیش لە مل دەدەن کە لە درێژەی مێژودا ئەوەیکە توانیویتی نەتەوەی کورد لە مەترسیی تواندنەوە بپارێزێت، هەر ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە بوون. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، ڕوناکبیرانی سەربەخۆ هەرگیز لە دەمی لەت و پەت بوونی حیزبەکاندا نابنە جڵەوکێشی ئەم باڵ، یان ئەو باڵی حیزبەکان؛ بەڵکە لەهەوڵی دانانی بەرنامە و سازدانی ڕێکخراوەیەکی گشتی دا دەبن کە ئەو بەرنامە و ئەو ڕێکخراوە گشتییانە دەتوانن وەک کاراکترێکی بەهێز، لە پلەی یەکەمدا ئافات و مافەتەکانی

کۆمەڵگا بدۆزێتەوە و هاوکات دەگەڵ ڕاپەڕاندنی حیزب و لایەنەکانیان بۆ یەکگرتوویی، ئەرکی سازمانکاریی خەڵک و ڕاپەڕینیان پێ بسپێرێت.

## کۆمەڵەی (ڕوناکبیرانی سەربەخۆ) بۆچی؟

پێشەکی: بە دوای هەر ئاڵوگۆڕێکدا هەلومەرجی نوێ سەر دەردێنێت. دەگەڵ پشکوتنی هەر هەلومەرجێکی نوێشدا، پێداویستیی تازە لە دایک دەبێت. یازدەهەمی سێپتامبەری ساڵی٢٠٠١ یەکێک لەو ئاڵوگۆڕانە بوو کە هەلومەرجی نوێی خوڵقاند و پێداویستیی تازەی هێنایە پێش. ئەگەر کارەساتی یازدەی سێپتامبەر لە ئەمریکا نەقەومابایە، تۆ بڵێی ئەمریکا بۆی لوابایە بەمجۆرە هێرش بکاتە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بێ ترس و تەقێ و بەئاشکرایی خاکی عێراق و ئەفغانستان داگیر بکات و گەلانی ناوچەکە تووشی دڵەڕاوکێ بکات؟ هەر نەک داگیرکردنی ئەم دوو وڵاتە، بەڵکە بەهێزکردنی پێگە نیزامییەکانی خۆی لە ئاسیای نێوەڕاست و هەروەها میلیتاریزە کردنی وڵاتانی دەورو بەری ڕوسیە و دەور و بەری کەنداوی ئێرانی و گەلێک شوێنی تر و دەیان شتی تر. ئەمریکا بە بیانووی ڕاوە ترۆریست و توناکردنی ئەو مافەتیە کە خۆی لە سازکردنیدا باش وەستایە، نزیک بە (نۆ) ساڵە ڕۆژهەڵاتی ناوین کراوەتە ئامانجی بۆمبا و باڕووت، کەچی تاڵیبان هەر هەیە و ئەلقاعیدەش هەر چالاکە!!

دوای یازدەی سێپتامبەری٢٠٠١، یەکێک لەو وڵاتانەی کە ئەمریکا بە ڕواڵەت لێی ترساوە و شەڕەچەقەی درۆزنانەیشی لەگەڵدا کردووە، ئێرانە. لەم شەڕە درۆزنانەیەدا گەلێک جاران ئێران وەک شێوێنەری عێراق دەستنیشان کراوە، تەنانەت بەڵگەی ترۆریستیشی لێ ئاشکرا کردووە. سەیر لەمە دایە، (بۆمبا)ی کەنار جادەی سازکراوی ئێران، کە دەیان سەربازی ئەمریکی و ئینگیشی ناردۆتە ئەو دنیا، مێدیاکان ئاشکرایان کردووە کە لە کارخانەی پاسدارانی ئێرانی سازکراوە و لەوێوە دزەی کردۆتە ئەم دیو. چەندین جاریش قەرار داندرا کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەوێتە لیستەی تیرۆریستەکانەوە، کەچی بە فشەقسە دەرچوو.

دوای چەندین ساڵ شەڕەچەقەی نێوانی ئێران و ئەمریکا لە سەر دابەش کردنی دەسەڵات، سەرەنجام وا ویدەچێت لە ترسی مەزن بوونەوەی کێشە و پەیدابوونی (سەرەکەر) و شەریک و برابەشی تر، ئەمریکا و ئێران لە کەلی شەیتان دابەزن و پێک بێن.

"چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرایل و فلستین (فەتح و حەماس)، دانانی سورییەی سەوداگەر لە سەر مێزی وتووێژ، سەروسامان پێدانی حکومەتی لوبنان، هەوڵدانێک بۆ کەم کردنەوەی سەرەڕۆیی حیزبوڵڵای لۆبنان و هێشتنەوەیان وەک حیزبێکی سیاسیی بێ چەک و بەشدارکردنیان لە چارەنووسی لوبنان، کەم کردنەوەی ئاڵۆزیی عێراق..." ئەمانە و سەرووبەر پێکهێنانی گەلێک کێشەی نادیاری تر، هەمووی وەک پێداویستییەکانی دوای هەلومەرجێک پێناسە دەکرێن کە ئاڵوگۆڕەکانی یازدەی سێپتامبەر تینی پێدان. لەم کەین و بەین و فرت و فێڵانەش دا ڕاگرتنی بایی نەوت لە بەرزترین پلەی خۆیدا و، لە ئاکامدا گرانیی بژیوی ژیانی خەڵک، وەک چوار چەرخی ماشێنی بێسامانیی دەخرێتە ژێر ڕەوڕەوی ژیانی ڕۆژانەی هەژاران و هەتا ئاڵوگۆڕێکی تر هەر دەمینێت . بە باوەڕی ئەم نووسراوەیە، ئەمانە پێشدەرامەدی سەمفۆنیای سازان و چارانی ئەمجارە دەبن. هەر بەپێی ئەم باوەڕەش، شەست لە سەتی

تاوانەکانی هەژارتر بوونی هەژاران، ئۆباڵی ئەستۆی حیزب و سیاسەتمەدار و ڕوناکبیرانی ناوچەکەیە و چڵ لە سەتیشی چەورایی ڕۆنی دەستی پیسی زلهێزە زۆڵەکانە، کە هەمیشە بووە و هەتا ئێمە ئەوەندە گەمژە و گێلۆکە بین، هەر وەلۆش دەمێنێتەوە.

ئاشکرایە، لە ماوەی ژیانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئێران بۆ وەرگرتنی ئاوانسی زێڕین لە ئەمریکا، ئەوەندەی پارە خەرج کردووە و هەندەی وزە دەکار هێناوە، کە بەو برە پارە و وزەیە، دەکرا وڵاتی خۆی چەشنی(سوید) ڕەنگین و زەنگین بکات. هەنوکەش وادیارە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەمە گەیشتبن کە لە کێ بەر کێ دەگەڵ ئەمریکادا، ئەگەر زیاتر درێژەی پێبدەن و زێدەتر لاساری بکەن، زیاتری دەدۆڕێنن. بەڵام ئەگەر دەگەڵ دوژمنی دێرین!! قاچ ڕابکێشن و دیالۆگ دەست پێ بکەن، ئەم ئەگەرە بەخێرەش دەبێت کە ئەمریکا وەک جگەرگۆشەیەکی نازدار سەیریان بکات و گەلێک یاریکاریی و گیانفیداییشیان دەرهەق بکات. بۆ وێنە: " هەرچی پارەی ئێرانی سەردەمی ڕژێمی ڕابوردوو لە بانکەکانی ڕۆژئاوا دا قەتیس کراون، ئازاد بکرێن.. لە شەڕی ئێران و عێراقدا چی زیانی بە ئێران گەیشتووە، لە سەر حیسابی نەوتی عێراق بۆی قەرەبوو بکرێتەوە.. سات و سەودای نێوانی ئێران و ئەمریکا، کە هەتائێستا لە ڕێگای دەڵاڵ و بە شێوەی دەستی دووەم و سێهەم بەڕێوە چووە، ڕاستە و ڕاست و دەست لە ملان یەک بگرنەوە.. هێزە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، هەتا وشک بوون و وشکاو هاتنیان، بە دەسندەخۆری ببیان هێڵێتەوە.. هەروەها بۆ تێک شکاندنی پشتی(انقلاب = شۆڕش کردن)، ڕەنگە لە ئێراندا هەندە ڕێفۆڕمێکی(نە سیخ بسۆزێ و نە کەباب)یش بێتە دی.. بۆ کردنەوەی دەرگای داخراوی ئیران بە سەر جیهانی ئازاد دا، لەوانەیە سیستەمی کۆماری ئیسلامی هەتا ڕادەی سەردەمی خاتەمی ڕەنگ و بۆیەی ئازادیخوازی لێبدرێت.. کردنەوەی کاناڵێکی دیار و نەدیاری دۆستایەتیی نێوان ئێران و ئیسڕاییلیش بەدوور نابێت.. هیچ بەدووریش نابێت، هەر ئەو جۆرەی کە ژاپۆن خاوەنی تەکنیکی ئەتۆمییە و لە کاتی پێویست دا دەتوانێ (بۆمی) ناوکی سازبکات، کێشەی ناوەکی ئێرانێش بەو جۆرە چارەسەر بکرێت.. لە درێژەی زەمان و لە ئاخرسەریش دا، لەوانەیە (مێزەر و بۆین باخی= کراوات) پێکەوە بێنە سەر حوکم و..."

ئەوەیکە نادیارە ئەمەیە، کە ئەگەر ئەم سناریۆیە جلکی ڕاستین دەبەر بکات، ئایا ڕادەی خۆشحاڵان یان بەدحاڵانی خەڵکی ئێران بە چ نیسبەتێک دەبن؟ بەڵام بەو جۆرەی کە لە ئێرانەوە خەبەر دەگاتە دەرەوەی وڵات، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لەم بار و دۆخەی کە ئەوان تێیدا گوشراون، بێزار و گیان لەسەر دەستانن.

## هێزە سیاسییەکانمان چۆنن ؟

هێزی سیاسی ئەگەر سەرچاوەیەکی ئابوریی خۆیی نەبێت، ناچارە دەستی وەرگرتنی یارمەتی بۆ لایەنێک، وڵاتێک، جیرانێک درێژ بکات، کە ئەمە بۆ هێزی سیاسیی سەربەخۆ جێی دڵنیایی نییە. هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت ئەوانەی کە لە باشووری وڵات دەگەڵ حکومەتی هەرێم سازاون، بەپێی گرێبەستی نێوانیان، وەک هێزی سیاسی ماونەتەوە و چەکەکانیان بۆ پارێزگاری خۆیان ڕاگرتووە. حیزبی سیاسیش ئەگەر پەلوپۆی ببەسترێت و لە یەک شوێندا قەتیس بکرێت، گۆڕەپانی دید و بۆچوون و نرخاندنەکەی ئەوەندە بەرتەسک دەمێنێتەوە، کە هەرگیز ناتوانێ دەگەڵ ڕەوتی پێشوەچوونی

خواست و ویستی ئەو خەڵکەی کە ئەو حیزبە قەرارە مافی بۆ بستێنێت، هاوسەنگ بێ و یەکتر بخوێننەوە. حیزبەکە لە شتێک دەدوێت، کە لەو لا کریاری نەماوە و، خەڵکەکە شتێک دەخوازن، کە حیزبەکە لە جانتای دا نییە.

لە سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا حیزبی (پەژاک)ە کە لە باری چالاکیی نیزامیدا سەربەست و ئازادە و لە ئالی ئیکۆنۆمی و مەسەلەی ماڵیش دا سەر بە هیچ حکومەتێک نییە. پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پەژاک)، پارتی کرێکارانی کوردستان(پ. ک. ک)و پارتی چارەسەریی کوردستان(پ. چ. د. ک) ، سێ هیزی کوردستانین کە خۆیان بە هەڵگری خەباتێکی ئاشکرای دژبە داگیرکە و ستەمگەران دەزانن. لە باری شێوەی خەباتیش دا، هەر سێ حیزب یەک ڕێچکەیان گرتۆتە بەر. فەلسەفەی خەباتیان بۆ ناساندن و سەلماندنی مافی کوردە و لە پیناوی لابردنی ستەمی میللی دا خەبات دەکەن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرەی(پ. ک. ک) ئەمەیە کە خۆیان لە بیچم و قەوارەی حیزبی دەرهاویشتووە بە شێوەی سیستەم، دژ بە سیستەمی ستەمگەران شەڕ دەکەن. مەبەست لە سیستەم و کاری سیستماتیکی ئەم بەرەیە ئەمەیە کە ڕەگ و ڕیشەی خەبات و تێکۆشانیان خستۆتە ناو قوڵایی کۆمەڵگاکەیان و، تاکەکانی کۆمەڵگەش لە شار، لە شاخ، لە ناوەوەی وڵات و لە دەرەوەی وڵاتدا، بە یەک بەرنامە و بۆ یەک ئامانج لە چالاکی دان. هێزی گریلا وەک لقێکی شەڕکەری سیستەمەکە لە چیاکاندا بوونی خۆیان چەسپاندووە، خەڵکی ئاسایی لە شار و گوندەکاندا ژیانی ئاسودەیان بە ڕژێم نەهێشتووە، حیزبی ئاشکرا و جێگیر لە پەرلەمانی تورکان ، واتە (د.ت.پ)، لە مانگرتنەکان، لە جەژنە نەتەوایەتییەکان، لە بەرێ کردنی تەرمی شەهیدانی شار و شاخ و لە گەلێک ئەرکی شۆڕشگەرانە دا لە سەر پێیان. ئەرتەشی تورکییە، واتە هار و درترینی هێزەکانی(ناتۆ)، ساڵیانی ساڵە بە هەمە چەشنە کەرەسەی شەڕ و بە هێزی نیزامی، پۆلیس، سیخوڕ، جاش و بە یاریکاری و گەلە کۆمەی ئیسرایيل و ئەلمان و ئەمریکاشەوە هێرش دەبەنە سەر گریلاکان. ئەم شەڕ و هێرش بردنانە ئەگەرچی لە ساڵدا ملیاردها دۆلار زیان دەگەیەنێتە سەر ئابووری وڵات و پشتی خەڵکی هەژاری پێ دەچەمێتەوە. بەڵام بەهەموو شەڕ و ئینسان کوژتن و بەفیڕۆدانی دارایی وڵات، تا ئێستا یەک هەنگاویش سەرکەوتنیان دەست نەخستووە. ئەگەر ملیاردها دۆلاری ساڵیانەی شەر لە ڕێی حەسانەوەی گەلی کورد و تورک و کەمایەسییەکانی تر دا خەرج بکرێت، وڵاتێک ساز دەبێت سەرپەڕی وڵاتانی جیهان. بەڵام فەلسەفەی ئەتەترک و ژەنەڕاڵە چەکمەڕەقەکانی، هیچ خۆیان حەوجێ بە ئارامی و ئەهوەنی و حەسانەوەی خەڵک نازانن.

ئەمریکا، واتە سەردەستەی تڕۆریستانی جیهان و قارەمانی ئینسان گوژتن لە دنیا دا، مۆری ترۆریستی بۆیە بە ناسنامەی ئەو حیزبەوە ناوە، چونکە سیستەمێکە و دژ بە سیستەمی تورکییە ـ ئەمریکایی شەڕ دەکات. جێی سەرسوڕمان نابێ ئەگەر جۆرج بوش، بە بۆنەی نەوەدەمین ساڵی لەدایکبوونی (نێڵسۆن ماندێلا)، فەرمانی لابردنی مۆری تێرۆریستی لە سەر قارەمانی ئەفریقای ڕەش ڕابگەیەنێت. شایانی باسە کە نێڵسۆن ماندێلا بەشی هەرە زۆری سەردەمی گەنجێتیی خۆی لە زیندان دا تێپەڕ کرد، بەڵام لە زیندانەوە سیستەمێکی بەڕێوە دەبرد، کە گۆی سەرکەوتنی لە مشتی سەوداگەرانی ڕەگەزپەرستی ئەوروپایی ڕفاند.

هیچ شکی تێدا نییە ئەگەر لە بری سیستەمی پارتی کرێکاران، لە باکووری کوردستاندا حیزبێکی مەزنتریش خەباتی بەڕێوە بردبایە، مادام لە ڕەوەندی تێکۆشانەکیدا بناغەی سیستەمێکی بەرخۆدانی دانەمەزراندایە، لە بەرامبەر چاوی ساتەلایتە جاسووسییەکانی ئەمریکاـ ئیسرایيل و هێزی نیزامیی ناتۆ

دا، زیاتر لە چەند مانگێک یارای ڕاوەستانی نەدەما. بەڵام ئەو سیستەمەی کە لە شاخ، لە شار، لە گوند، لە پەڕلەمان و لە دەرەوەی وڵات دا چالاکە، گەلێک زەحمەتە بکەوێتە سەر چۆک.

لەوانەیە گوتنی ئەم واقعییەتانە، داوەری و بۆچونی ناڕاست ئاراستەی خاوەنی ئەم نووسراوەیە بکات و گورجێک حوکمی لایەنگری لە پارتی کریکاران و پەژاک پارتی چارەسەری بۆ دەربچێت. هەربۆیە و ناچارم بڵێم کە لایەنگری لە واقعییات شتێکە و هەواداری لە ڕێکخراوەی سیاسی شتێکی تر. ئەندام بوون یان لایەنگری لە حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی نە تەنیا شەرم و عەیبە نییە و بۆ حەشاردان نابێ، بەڵکە جێی سەربەزرییە و نیشانەی زیندوو بوونی تاکی کۆمەڵگایە. نووسەری ئەم بابەتە پێی وایە، هەر ئەو جۆرەی کە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، دوو هێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و لەمێژە ناسراون، حیزبی (پەژاک)یش هێزێکی تازەکاری ڕۆژهەڵاتە و بۆ کەسێک کە بارهەڵگری باری (پوخاو)ی ئەم و ئەوێک نەبێت، بە خۆ ماندوو کردنێکی مەیدانی، ناسینی حیزبەکانی کوردستانی و ئێرانی لە ئاو خواردنەوە هاسانترە.

بەداخەوە، هەندێک، بەبێ ئەویکە هیچ دوکۆمەنتێکیان لە دەست دابێت، ئەم حیزب و ئەو ڕێکخراوەیە بە بارەگایەکی ناپاکەوە گرێ دەدەن، بۆ وێنە پەژاک بە دەزگای(ئیتیلاعاتی) کۆماری ئیسلامییەوە دەلکێنن و... داخی هەرە مەزن لەمە دایە کە گەلێک جاران پڕوپاگاندەی بەبێ بەڵگە لە دەم و قەڵەمی سەرکردەیەکی سیاسیش دەکەوێتە ناو دەم و زاران.

هەندە سەرچاوەیەکیش، پەژاک وەک لقێکی پارتی کرێکارانی کوردستان پێناسە دەکەن و پێیان وایە(پ.ک.ک) بۆیە پەژاکی ساز کردووە، تاکوو لە کاتی تەنگانە دا، پەژاک بکاتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی.

ئەم قسەڵۆکە ئەگەر ڕاست بوایە، دەبوایە پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ نەجاتی گریلاکانی(پکک)، ساڵیک بەر لە ئێستا دەست باکار بوایە. چونکە زیاتر لە ساڵێکە، گریلاکانی(پ.ک.ک) لە ژێر بۆمبارانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئێران و تورکیە دان و حکومەتی هەرێمیش ڕێگای سنوری!! لێ بەستوون. دەبوایە(پ.ک.ک) زیاتر لەمە نەیکاتە ساوساو و لە یەکەم هەنگاو دا سەری (پەژاک) لە چوارچرای شاری سابڵاغ و لە هەلی دووەمدا سەری(پارتی چارەسەری) لە بەر دەرگای پەڕلەمانی کوردستان ، گۆش تا بە گۆش ببڕێت و خۆی پێ خەلاس بکات.

لە ناو بازنەی سیاسی دا، بەداخەوە سازکردنی قسەڵۆکی بێ ناوەڕۆک هەر هێندە هاسانە، کە جارجارە ویژدانی سیاسی پێی وادەبێت کە ئێمە و سیاسەت لێک دوورین و پێکەوە(کوجا مەرحەبا)ین.

## خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنن؟

دوای ماڵاوایی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی وڵات و نیشتەجێ بوون لە ئۆردوگاکانی باشووری وڵات، دوو یادگارێکی کە لە نێو خەڵک دا بوویان، لە گەڵ خۆیانیان دا برد؛ شەڕی براکوژیی نێوانیان و بەرهەمی کاری تەشکیلاتییەکەیان.

لە گەرمەی شەڕی یەکتر گوژتنیان دا، خەڵکی شار و گوندەکانی ناو بازنەی شەڕی براکوژی، ژێری(تۆمار)یان واژۆ دەکرد و ڕایان دەگەیاند کە شەڕی حیزب و کۆمەڵە بە پێویست نازانن و لێی

بێزارن. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندەی وڵامی سڵاوی خەڵکی کورد دایەوە، مەرحەبای دوو هێزی سەرەکیی ناوبراویش بە وەڵامی تۆماری خواست و ویستی خەڵک هەر ئەوەندە بوو.

ئەو سەردەمەی کە حیزب و کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک بوون، چەند شار و شارۆچکە و گوند و ئاواییەکی کە وا لە ژێر چاوەدێریی ئەواندا بوون، لە چاو ئەو بەشانەی کە ژێر ڕکێفی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا مابوونەوە، ئەتمۆسفەرێکی نیوە دێموکراتیکیان تێدا هەست پێدەکرا. لە شوێنە ئازاد کراوەکان دا حیزب و کۆمەڵە، بەپێی ڕادەی دەسەڵات و لە ژێر حوکمی بەرنامەی سیاسیی خۆیان دا خەریکی کار و باری تەشکیلاتی بوون و بەرنامەی جۆراوجۆریان بەڕێوە دەبرد. بۆ وێنە: بەرنامەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی منداڵ بە سیاسەتی حیزبی لە فێرگە تایبەییەکانی خۆیاندا.. سازدانی کۆڕ و کۆمەڵی پەروەردە کردنی لایەنگرانی تەشکیلاتی و پەروەردەکردنی کادری گرێدراو بە ڕێکخراوەی خۆیی.. لاساییەکی کاڵ و نەپوختە بە مەبەستی سازکردنی ئەرتەشی میللی بۆ بەرگری کردن لە بەرامبەر هێرشی دوژمندا(هێزی بەرگری).. دانان و دامەزراندنی شۆڕای حیزبی لە دێهاتەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کار و باری ئاواییەکان.. خەرج کردنی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ سازکردنی هەندە (بینا)یەکی بێ کەڵک و کار و...

شایانی ئاماژەیە، هەرکە حیزب و کۆمەڵە ناچار بە چۆڵکردنی مەڵبەندەکانی ژێر دەسەڵاتیان بوون و شوێنی چالاکییەکەیان لێ ستێندرایەوە، بەداخەوە جگە لە ئاگرێکی دامرکاو، چی تریان لە پاش سەر جێ نەما. هۆی ئەم بێ نیشان مانەوە و گوم بوونی خانەدانە، دەکرێ بەم هۆیە گرێ بدرێت کە دوو هێزی ناوبراو لە کاتی پێویست دا هەوڵیان نەدا گەڵاڵەی سیستەمێکی نهێنیی ئەوتۆ پێک بێنن کە ئەگەر ئەوان نەمان، ڕۆحی شۆڕش و تێکۆشان لە نێو ئەو سیستەمە دا بمێنێتەوە و تاکی جەماوەری کوردەواری چالاکە موتوڕی سیستەمەکە بن. هەروەها، داخی هەرە مەزن ئەمەیە کە لایەنگرانی تەشکیلاتیی دوو ڕێکخراوەکان، بەتێکڕایی وا ناسرابوون، کە ڕانەکردن و خۆ دربازنەکرنیان بە مانای نووسینی حوکمی لە سێدارەدانی خۆیان بە دەستی خۆیان دەبوو. هەربۆیە، کاتێک کە دایک ڕۆیی، هەرچی زارۆکیش بوو بە شوێن دایکدا ڕۆیی. مەبەست ئەوەیە کە، ئەو دۆست و هەواڵ و لایەنگرانەی کە دەبوایە وەک (بنە توو) لە سەر جێی خۆیاندا بمێننەوە و لە کێڵگەکاندا چناوێکی تر بچێنن، لە دەست دەرچوون.

مەسەلەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری ئەنجومەنی شۆڕای ئیسلامیی ئێران لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی تووشی چەشنە خۆشباوەڕیەک کرد، کە ئەودەم و ئێستاکەیش پێی وایەو پێی وابێت هەفتا لەسەتی خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵات لەو سیستەمەدا جێگیر بوونە کە ئۆرگانیزاتۆرەکانی حیزب لە شانە و بن شانەی ئەو سیستەمە دا دینامیزمی سەرهەڵدانی نەسرەوتن هەتا سەرکەوتنیان پەیڕێژی کردبوو. لێرەدا دەبێ بگوترێ کە حیزبی دێموکرات لەمەڕ ژمارەی(هەفتا لەسەت)ی لایەنگرانی خۆی دا، ئەودەم گەلێک بێ ئینسافانە و بە زیانی خۆی ڕەقەمی لێدا، چونکە ئەوەی کە خوێندنەوە و ئەرزیابیی ڕاستەکییە پێمان دەڵێ کە، لە نێوان ساڵانی ١٣٦٣ ـ ١٣٦١ هەتاوی دا، زیاتر لە هەشتا لە سەتی ئەو شوێنانەی کە ڕوحی شۆڕشگەریی تێدا بوو، وەک کەرسەی خاو، لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بوون. خۆ دیارە ئەگەر کەرسەی خاو بە شێوەیەکی زانستی پەروەردە نەکرێت و ئەڤینی عاتیفی لە تەشکیلات دا نەکرێتە (مادە) ، هەر ئەو جۆرەی کە لە دەمی هەرزانی و فەرحانی دا بە لێشاو کۆ بوونەتە، لە هاتە هات و دەمی تەنگژە دا زۆر بێباکانەتر بڵاوەی لێدەکەن. هەلێکی کە بۆ حیزبی دێموکڕات هەڵکەوتبوو، بە هەلێکی تاقانەی زێرینەی مێژوویی دەناسرێت. بەڵام ئێتر ئەو هەل و ئەو دەرفەتە بەسەرچوو. بە قەولی دێموکریت: "کەس دوو جاران لە ئاوی چەمێکدا مەلە ناکات".

هەلی باش هەڵکەوتوو ئەگەر زانایانە و بە کاتی بەجێ کەڵتە و پوختەی نەکرێت ، هیچ ئەسەر و سەمەرێکی نامێنێت، بەڵام بیرەوەرییەکەی دەمێنێت و بۆ ئەوە دەبێ کە چەشنی خەونی شیرین جار جارە یادی بکەیت.

کۆمەڵە وەک هێزێکی تازەپشکوتوو، کە لەلایەکەوە بیرئانینی (کۆمەڵەی ژێکاف)ی لە بیردانانددا زیندوو کردبۆوە و لەبەرێکی ترەوە بەرامەی بزوتنەوەی ساڵانی٤٧-٤٦ ی هەتاوی لێ بۆن دەکرا، سەرەڕای هەلومەرجی دژواری سەردەم، زۆر زوو ڕوناکبیر و تاکی چەپی کوردستان لە دەوری کۆبوونەوە. کۆمەڵە بە پێچەوانەی حیزبی دێموکرات کە لەباری دارایی و بژیوی بەڕێوەبردنی بزوتنەوە، دەوڵەمەند بوو، کۆمەڵە هیچ کانگایەکی ماڵی شک نەدەبرد، بەڵام هەتا ئەو کاتەی کە سیمای کۆمەڵە بۆ جەماوەری کوردستان ناسرا و لە گۆڕەپانی تاقیکاری دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا، لایەنگرانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە باری گرانی ماڵیی کۆمەڵەیان بە ئەستۆوە بوو. لەوانەیە دروشمی بەناوبانگی کۆمەڵە، کە لە سەردەمێکدا دەیگوت: "چەک و پوڵی بێگانە، خەیانەت بە کوردانە". وەڵامێکی سەرراستی ئەو واقعییەتە بووبێت بۆ ئەو چەشنە تێکۆشانەی سەرەتای کاری کۆمەڵە. لێ دوا بەدوای پەیوەندی و دەستەبرایەتی دەگەڵ جەماعەتی ڕەوانشاد(حیکمەت)، چونکە ئەوان ڕێگای هاتن و چوونی دەرەوەیان بەلاوە گرنگ بوو و هەمدیسان خولیای شوێنێکی هێمنی پشتی بەرەی شەڕیش بوون، کۆمەڵە بە بیانووی وەرگرتنی کەرسەی نیزامی لە دوژمنێکی چینی کرێکار و دەکار هێنانی لە دژی ئەو دوژمنەی تری، بەڵێنی جاران و دروشمی سەر دیوارانی پێ خاوێن نەکرایەوە. مخابن سەردارانی سەدری باڵای کۆمەڵە، ئەو دەم و سەردەمە، قەت گوییان دەرخەمی بیستنی(ڕەخنە)ی ژێرۆکە بێ ناوەکان نەبوو. ئەگینا کەس هەبوو بێژێت، هەیاران ئێوە ئەگەر لە دوژمنێکی چینی کرێکار کەرەسەی شەر وەردەگرن و بە قازانجی چینی کرێکار، دوژمنەکەی تری پێ دەتۆپێنن، بۆچ لە دوژمنی خۆماڵی خۆتانی وەرناگرن و بە قازانجی کریکارانی جیهان، دوژمنە دەرەکییەکەی پێ سەکەت ناکەن؟

کۆمەڵە لە ماوەیەکی زۆر کورت دا، تەنانەت بەر لەوەیکە خۆی ببێتە حیزب و لە پرۆسەیەکی مێژووییدا دارە دارەی سیاسی بکا و پێ هەڵبگرێت، مخابن بە هەرەمە بەندۆخینی پرۆسەیان پێ پساند و حیزبی کمونیستیان لێ ساز کرد. بە سازبوونی حیزبی کمونیستی ئێران، ڕێکخراوەی کۆمەڵەی کمونیست کراو، وەک ڕاوکەرێکی لێهات کە لە چاوتروکانێکدا دەبوایە بەشوێن دوو کەروێشکاندا غار بدات. ڕاوکەرێک کە لە یەک کات و لە یەک دەم، بە شوێن دوو نێچیر دا بڕاوت، قەت هیچیان ڕاو ناکات و ڕاوبەتاڵ و دەستبەتاڵ دەگەڕێتەوە ماڵ.

دێموکرات و کۆمەڵە، دوو هیوای زێرینی زۆربەی خەڵکی ڕوژهەڵاتی کوردستان، هەر ئەو سەعاتەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچیان کردو لە باشووری وڵات نیشەجێ کران، لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان منداڵانێک لە دایک بوون کە ئیمڕۆکە (جیل)ی نوێی کۆمەڵگەی وڵاتەکەیان لێ پێک هاتووە. ئیمڕۆکە، تەمەنی ئەو جیلە بە ڕادەی تەمەنی دوورکەوتنەوەی حیزب و کۆمەڵەیە لە ڕۆژهەڵاتی وڵات. ئەگەر گەنج و لاوەکانی ئەم سەردەمە حیزب و کۆمەڵە نەناسن، شتێکی سەیر نییە، چونکە لەم ماوەیەدا گەلێک فاکتەری کۆن و کەفتەکار لەبەر چاوان دا نەماون و دەیان و سەدان فورمولی قورس و گران لە بەر پێی گەنج و لاوەکاندا ڕاگیراوە. گەنج و لاوەکان بۆ لەسەر پێ مانەوەش بێ، ناچارن دەگەڵ ئەو گشتە فورمولە قورس و گرانانە سەر و کەللە لێبدەن و کێشەی کۆمەڵایەتیی خۆیان چارەسەر بکەن. لە گۆڕەپانی سەر و کەللە لێدانیشدا، ئەوەیکە بێ قەڵغان و بێ شەمشێر ماوەتەوە، گەنج و لاوەکانن. ئەگەر قەڵغانی دەستی لاوەکان، (کار) بێت و شەمشێریش(پارە)، بەداخەوە زۆربەیان لەم دوو گرنگانە بێبەری و دەسبەتاڵن. کێشەیەکی کە ئیمڕۆ ڕوو بە گەنج و لاوەکان ڕاگیراوە، کێشەی سەردەمی گەنجێتیی دایک و باوکەکان لە بەرامبەیاندا بە قەند و نەبات دەشێت. دەکرێ بگوترێت کە لە

گەمەی شەترەنجی پڕ لە کێشەی ژیانی ڕۆڵەکاندا، دایک و باوکەکان مۆرەیەکن کە لەمێژە کش و مات کراون. حیزب و کۆمەڵە لە ماوەی ئۆردوگانشینی دا و، لە جیاتی شەڕە کورسی و کێ بەرکێ بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، ئەگەر خۆیانیان هەتا تەمەنی گەنجەکانی وڵات، گەنج کردبایەوە و ڕێچارەیەکی زانایانەیان بۆ تواندەوەی کێشەکانیان دۆزیبایەوە، لەوانە بوو زەندۆڵی نێوان حیزب و جیلی تازە ئەوەندە قووڵ و تاریک و نوتەکە نەبێت کە یەکتر نەناسنەوە.

ئەوەیکە لە زاری خەڵکی وڵاتەوە بەگوێ دەگات، ئەوەی کە لە مانشێتی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندراوەکان و لە ڕێی ئینتەرنێت و ساتالایتەکانەوە دەست دەکەوێت، هەموی بە گشتی باسی پەرێشانحاڵی و بێ ئەنوایی و بەلەنگازیی خەڵکی وڵاتەکەمان دەکەن. ئەگەر چارەڕەشیی خەڵکەکەمان بخەینە کاسەی تەرازویەک و لەبەرێکی ترەوە قورسایی سەرکەوتنی فێڵ و تەڵەکەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە مەڵبەند دا هەڵکێش بکەین، بەرەی هەژاران لە سوکی دا پەڕەکایەکن. لە بەرامبەریشیان دا سەرکەوتنی زۆرداران قورسە و زۆریش گرانە.

## بەر لە هاواری سەر و ماڵ، قسەی ئاخر کێ دەیکات؟

سەمفۆنیایەکی کە قەرارە لەجیاتی پێش پەردەی شانۆی(تراژیک ـ کۆمێدی)یای خەڵکی وڵات لێبدرێت، زایەڵەی پێشدەرامەدەکەی بە گوێ دەگات. پێشدەرامەدی ئەو سەمفۆنیایە باسی تێداچوونی سەروەریی خەڵک و کۆیلەتیی هەر ئەو خەڵکە دەکات. ئەمە وا دەگەیەنێت کە لە گۆڕەپانی بەرەنگاربوونەوەی دوو لایەنی یاری، لە بەرێک حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە شۆڕشی سەرتانسەریی وڵات و، لە لایەکی ترەوە بەرژەوەندیی وڵاتانی چاونەزێری جیهانی و حاکمانی مەڵبەندەکە دا، ئەوان سەرکەوتوون و ئێمە ژێرکەتووین. سەرکەوتووانی ئەم گەمەیە با لە جێی خۆیاندا ڕاگرین و ئاوڕێک لە خۆمان بدەینەوە:

* خەڵک چۆنن؟
** حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان چلۆنن؟
*** ڕۆناکبیرانی پرژ و بڵاو لە کوینە؟

* دوای جێگۆڕکێی (شانۆسانانە)ی ڕژێمی(شاهی) دەگەڵ ڕژێمێکی ئایین سالاری، خەڵک بە تێکڕایی کەوتنە جیهانێکەوە کە کەس خۆی بۆ ئەو جیهانە و بۆ ئەو چەشنە ئاڵوگۆڕە ئامادە نەکردبوو. بەڵام هەر ئەو جۆرەی کە لە خسڵەتی گیاندار ان دایە، گیاندارەکە دەبێ دەگەڵ هەلومەرجی نوێ ڕابێت، یان بمرێت. هەر بۆیە ئەوانەی ماون و نەمردن، بەشێکیان زۆر بەخێرایی ئاڵوگۆریان بەسەر خۆیان داهێنا و پیوی

هەموو گەلێک چەوتیکارییان لە خۆیان هەڵسووت. ئەمجار ڕاو ڕاوێنیان دەستی پێکرد، سەفا و خۆشەویستی کرایە پردەباز و بۆ سەرکەوتن بەسەر خزم و دێد و کاک و برا دا، خرایە ژێر پێیان. بە کورتی، ئەوەی کە جاران (بایەخ)ی پێ دەگوترا بێ بایەخ بوو. ئەوەی کە لە هەلی بەجێدا بۆی هەستا و لە غیرەت و جوانمێری لای دا، ئەمجار هەگبەی لە ماڵی دنیا ئاخنی و خۆی بێ نیاز لە هەموو شتێک کرد. بەڵام ئەوانەیش کە هەر لە سەرەتاوە غیرەت و جوانمێرییان وەک بایەخێکی پیرۆز بۆ خۆیان ڕاگرت، بۆ ماڵی دنیا نیازمەنانێکی ڕەبەق هاتنە دەر. کور و کچەکانیان بۆ ڕاست کردنەوەی پێداویستییەکی ڕۆژانە، بە ناچاری بەشێک لە ئەندامی لەشیان فرۆشت.

** حیزب و لایەنەکان لە جیهانێکدا دەژین، کە لە ئەدەبیاتی ئایدیالیستی دا گەلێک بە ڕێزەوە ناوی هاتووە، بەڵام پێموایە لە ماتریالیزم دا جێی قەشمەری و پێکەنینە. ئەوان دوای ئەوەی کە لە بەرامبەر (حەریف)دا یەکان یەکان هەستان و بۆ ڕفاندنی (کاپ)ی پاڵەوانەتی، یاریی(شەترنج)یان دەست پێکرد، یەکان یەکان (بۆڕ) دران و خرانە پەراوێزی دۆراوانەوە. جێی مەراقێکی مەزنە کە لە پەراوێزی دۆراوانیشدا، هێستایش کە هێستایە، یەکان یەکانیان هەر پاڵەوانن. هێستایش دوور لە یەکن و قەت بیرێک لە هاوخەباتی ناکەنەوە. بەشێک لە خەڵکی بێبەشی تێکۆشەر، بە چنگ و ددان و پێست و ئێسقانەوە داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن، کەچی حیزب و لایەنەکانیان هێستایش هەر لە سەر ئەو جادە پڕ خاک و خۆڵە دا دی ئاژوێنن، کە ئێستا قیرەتاو کراوە و بەرنامەیەکی نوێ گەرەکە.

*** دەڵێن ڕوناکبیر مێژوونووسی کۆمەڵگەکەیەتی؛ مێژوونووسێک کە ڕوناکبیرەکەی بێت و ئەویش لەم هەلە هەستیارە دا سەری نابێتە سەر سەرین و لە گوێی گا دا خەوتبێت، کەواتە ناچارین و دەبێ پڕ بە دامانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بناڵێنین و بە حاڵی ژار و پەرێشانی ئەو کۆمەڵگەیە خوێن بگرین.

## دیسان ڕوناکبیر !

" ... کۆمەڵێک لە زانایان و هونەرمەندان و نووسەرانی فەرەنسی، کە ژمارەیان لە سێسەت کەس هەورازتر نەبوو، ڕابوون و ژێری نامەیەکیان ئیمزا کرد کە تێیدا مەحکەمە کردنی دریفوس و زیندانی کردنەکەیان بەپێچەوانەی یاسای مرۆڤایەتی ناو برد. ئەم هەڵوێستە لە ناو کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی فەرەنسەدا بە جۆریک دەنگی دایەوە، کە پاشەکشەی ئەرتەش و دەزگای دادوەریی فەرەنسەی لێکەوتەوە. ئەم نامەیە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤدا بە (بەیاننامەی ڕوناکبیران) ناوبانگی دەرکرد".

چاخ و سەردەمی ئێمە پەکی بە نووسینی بەیاننامەی ڕوناکبیران ناکەوێت. زام و برینێکی کە هەموو قالبەندی کۆمەڵگەی ئێمەی داگرتووە و بەرەو تولانەوەی دەبات، ئەوەندە تەشەندار و پڕ ئازارە، کە بەم نەختانە دەرمانی نایە. کۆمەڵگەی ڕوو بە مەرگی ئێمە لە پلەی یەکەم دا هەتوان و مەرهەمێکی نیازە، کە ئەو هەتوان و مەرهەمە لە یەکگرتنی ڕوناکبیرانی سەربەخۆ و ڕوناکبیرانی ناو حیزبەکان مایە دەستێنێت. ئیتر کاتی ئەمە هاتووە کە ڕوناکبیرانی سەربەخۆ و حیزبی، لە پێشگای ویژدانی بەئاگا دا بە خۆیاندا بچنەوە و لە ئۆرگانێکی غەیرە حیزبی دا قەڵایەک ئاوا بکەن کە هومێدێکی مەزنی لێ بکرێت. لەم ڕۆژە هەستیارەدا ئەم ئەرکە لە سار شانی ڕوناکبیرانی سەربەخۆ و ڕوناکبیری حیزبی بارە، کە کەس و کەسانێک بۆی هەستن و کاناڵێکی ئینتەرنێتی بۆ ئەم مەبەستە ئاوا بکەن. بانگەواز و دەستی یاریکاریی فیکری بۆ هەموو لایەک درێژ بکەن. بێشک لە نێو ڕوناکبیرانی ئێمەدا گەلێکی سنگ و بەرۆک ئاواڵەی تێدایە کە هومێدی بەرزیان لێدەکرێت. ئەوان لە دەستیان دێت جگە لە باشداری کردنیان،

دەتوانن لە گەڵاڵەکردنی پلاتفۆرمێکی (کاتی) و سەرەتایی دا یاریکار دەبن. هیچ شک لەمە دا نییە کە لە بەردەوامیی زۆرانبازیی ئاشتخوازانەی بە دوور لە قازانجی کەسی و حیزبی، لە ئاخرسەردا پلاتفۆرمێکی لە ژێر دەست دێتە دەر، کە هەر ڕوناکبیرێک ئامانجی خۆی و دەنگی خۆی تێدا دەبینێتەوە. یەکێتیی ڕوناکبیران لە بەردەوامی و تەمرینی کاری خۆیدا، دەتوانێ دەستی دۆستایەتی و هاوخەباتیی ڕێکخراوە ناحکومی و ناحیزبی و ڕێکخراوەی ژنان و لاوانیش وەک پشت و پەنا بە دەستەوە بگرێت. ئەم باوەڕەش لەم بوارەدا مسۆگەرە کە ئەگەر یەکێتیی روناکبیران بەشێوەیەکی دێموکراتی بچێتە پێش، کارکردێکی وەها پۆزەتیڤ دەکاتە سەر ڕێکخراوەکان، کە زام و برینی کۆن و نوێی پێ دەرمان بکرێت.

ڕوناکبیرانی ئازاد و ڕوناکبیرانی حیزبی، واتە هەموو ئەو ئینسانە تێکۆشەر و ئاشتیخوازانەی کە ویژدانی بە ئاگایان برینداری تیداچوونی ڕێز و حورمەتی مرۆڤی ژێر دەستە و ستەمکێشە و، باوەڕیان بە دێموکراسی و کاری دیموکراتیکی هەیە، جا ئەگەر ئەوان سەردەمیک ئەندامی حیزبی تودە، فیدایی، دێموکرات، کۆمەڵە، پەیکار ، تۆفان بووبن و، ئەگەر ئێستێ کمونیستن، سۆسیالیستن، ئاشتیخواز و ئازادیخوازن، هەمووی باوەڕمەندن کە مرۆڤایەتی جێی بەزەیی نییە و جێی ڕێز و خۆشەویستییە و ئینسانی وڵاتەکەی ئێمەیش دەبێ لەم شەشدەرە ڕزگار بکرێت و ڕێز و حورمەت و مەزنایەتیی خۆی وەرگریتەوە.

**خوێنەری هێژا !**

ئەو دەور و سەردەمی کە ئێمەی دوور لە وڵات، لە زێد و نیشتمانەکەی خۆماندا نیشتەجێ بووین، زۆر بە هاسانی دەمانتوانی بۆ ئەنجامی هەر بڕیارێک، گورجیک خۆمان ساخ بکەینەوە و خێرا بۆی دەست بەکار بین. بەڵام بەداخەوە، لێرە، لە دوور وڵاتی و بەهۆی سەقاڵی و کەمبوونی کات، زۆر جاران هەڵدەکەوێت لە کردن و ڕاپەڕاندنی گەلێک ئەرکی پیویستیش بمێنینەوە. بەڵام ئەگەر ئەرکی شەخسی و کاری بنەماڵەیی چەتیشی تێبکەوێت ، ڕەنگە لایەنی نەگەتیڤەکەی ئەوەندە قورس و گران نەبێت کە لاباڵێکی کۆمەڵگە تووشی کەمایەسی بکات. بەڵام لێرە و لە باسی ئێرەدا، گشت کۆمەڵگاکەمان لە بەر باس دایە، لە کۆمەڵگاکەماندا، فێرگە بە هەموو مامۆستا و خوێندکارەکانیانەوە، بازاڕ بە کڕیار و فرۆشیارەکانیانەوە، بنەماڵە بە ژن و پیاو و زارۆکەکانیانەوە، لەهەر چرکە و چاوتروکانەکانی شەو و ڕۆژاندا، لە ژێر بۆمبارانی ئەلەکترۆنی کولتوری چەوت دا راگیراون و ڕیگای ڕزگار بوونیان بەرە بەرە لێدەبەسترێت. بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕزگاربوونیان، دەبێ ڕێنوێن و چرا بەدەستانێک هەستن بۆ سازماندان و ڕاپەڕاندنیان. لێ گەلێک جێی داخ و مخابنە کە حیزب و لایەنەکانیانیان بەهۆی سەرقاڵی و دڵمەشغوڵی دەگەڵ فاکت و فاکتەرە کلاسیکییەکان، چەلێ لە چلەی کەشف و کەرامەت دا سەرخۆشی بادە و بانگەوازی غەیبین؛ بۆ بەئاگاهێنانەوەیان خرۆشی ڕوناکبیران پێویستە. ڕوناکبیرانیش ئەگەر لە ئاسیا دەژین یان لە وڵاتانی ئەوروپی یان لە ئەمریکا و لە ئاوسترالیا، خەڵکی چاوەڕوانی ژێرستەم پێیان وایە ئەوان گەلێک نزیکی یەکن و موویان دەبەرەوە ناچێت. ئەوان دەڵێن ئەگەر ڕوناکبیر بخوازێت و گورد و پاڵەوانانی مەیدان بن، ئەنتەرنێت لەبەر دەستانە و لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەکری هەموو ملیارد ئینسانەکانی سەرگۆ زەوی لە دەرد و مەرگی یەکتر ئاگادار بن؛ هەر بەس غیرەت و نەبەزینێکی گەرەکە. هەمدیسان ئەو خەڵکە دەر بەند و زیندانییەش پێیان وایە ڕوناکبیرانێکی کە دەمار و غیرەتیان نییە، جا چ نێرینە بن و چ مێیەنە، وشکەڵە دارن و بۆ سووتاندن باشترن.

بە ئەو پەڕی ڕێز و حورمەت ـ کەریم دانشیار